# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# ٤٧٥

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٧٥ – خەرمانانی – سێپتامبری ٢٠٢٥


**سەروتار**

## بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

## بەبۆنەی سێهەمین ساڵیادی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا

## خەرمانانی ١٤٠٤

لە ٢٥ی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١، لەو کاتەی کە قەتڵی حکوومەتی ژینا ئەمینی وەک چەخماخەیەک ئاگری تووڕەیی و ناڕەزایەتی جەماوەری وەگیانهاتوو لە زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی ڕژیمی جنایەتیکاری ئیسلامی داگیرسا، سێ ساڵ تێدەپەڕێت. ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەیە کە بە ناوی ڕەمزی ژینا و ژن، ژیان، ئازادی دەستپێکرد، بە شکۆیەکی چەند بەرابەر مەزنتر لە ئاخێزەکانی پێشوو هاتە مەیدان و لە هەمان ڕۆژانی یەکەمدا، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاران و ئیعترازاتی خەڵکی هەژاری شارەکانی پێکەوە پەیوەنددا و برووسکەئاسا پەرەی ئەساند و سەرانی ڕژیم و هێزە سەرکوتگەرەکانی ئاڵۆز و سەرسام کرد. ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە بە پێشەنگایەتی ژنان و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، "نە ڕووسەری، نە تووسەری، ئازادی، بەرابەری" و "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" پایەکانی ئیدئۆلۆژی حکوومەتی ئیسلامی تێکشکاند و بنبەستی ئیسلامی سیاسی وەک مۆدێلێکی حکوومەتی بە دەنگی بەرز ڕاگەیاند. ئاخێزی ژینا قەیرانە ناوخۆییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی توندتر کردەوە و نیشانی دا کە ئەم ڕژیمە تەنیا بە زەبری سەرکوت لەسەر دەریایەک لە نەفرەت و بێزاری گشتی حکوومەت دەکات. ئەم بزووتنەوەیە پاشەکشەی بە لیبڕالیسمی بورژوایی ئێرانی کرد کە لەژێرناوی خۆبەدوور گرتن لە توندوتیژی هەوڵی دەدا شۆڕش بە چەمکێکی هەڵە و ناڕەوا پێناسە بکات. ئەم بزووتنەوەیە بیری شۆڕشگێڕانەی بەهێز کرد و بۆ جارێکی تر شۆڕشی خستەوە سەر زمانەکان. ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییە و بەربەستەکانی، دەرکی زەروورەتی ڕێکخستن و شکڵدان بە ڕێبەریی لە هەموو بزووتنەوە ڕادیکاڵە کۆمەڵایەتییەکاندا بەهێز کرد. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا زیاتر لە هەموو کاتێک بە خەباتی ژنانی ئێران لەدژی نیزامی ئاپارتایدی ڕەگەزی هۆگرایەتیی کۆمەڵایەتی و جیهانی بەخشی و پشتیوانی بیروڕای پێشکەوتنخوازی لە سەرتاسەری

## بەبۆنەی ١١ی خەرمانان

## چل و دووهەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران




## یادێک لە سێ سیمای هەمیشە زیندووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران

## هاوڕێیان فواد و سدیق و غوڵام



## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی

## هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

## بە بۆنەی سێهەمین ساڵیادی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا!

**ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**

**بەیادی ژینا ئەمینی، بۆ ڕێزلێنان لە دەستکەوتەکانی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی خەرمانانی ١٤٠١، لەدژی هەژاری و بێ ئاوی و ئێعدام و ژنکوژی**

جیهان بەرەو خۆی ڕاکێشا

ئێستا لە سەروبەندی سێهەمین ساڵیادی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە لاوازترین پێگەی هەموو تەمەنیدایە. قەیرانی قووڵی ئابووری و کۆنەبوون و وێرانی ژێرخانەکانی بەرهەمهێنان و گەیاندنی وزە و قەیرانی ژینگە، لەئێستادا خۆی لە قەیرانی بەرینی وزە و دابەزینی زیاتری بەهای ڕیاڵ و گرانی بێسنوور و داماویی ڕژیم لە دابینکردنی نان و ئاو، بەرق و هەوای سالمدا نیشانداوە. ژنان بە پشتیوانەی دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا ڕوخساری شەقام و شارەکانیان گۆڕیوە. شکستی سیاسەتی ناوچەیی و لێکهەڵوەشانی هێزەکانی "میحوەری موقاوەمەت" یەکێک لە بناغەکانی ستراتێژی مانەوەی ڕژیمی دارما و شکستی سەرشۆڕانەی کۆماری ئیسلامی لە شەڕی دوازدە ڕۆژە، سەرانی ڕژیمی تەنانەت لەناو ڕیزەکانی خۆشیاندا بێ ئیعتبار کردووە. بێتوانایی ڕژیم لە وڵامدانەوە بە داخوازییەکانی کرێکاران، خانەنشینان، پەرستاران و خەڵکی هەژاری کۆمەڵگا، پەرەسەندن و گەشەی ئەم بزووتنەوانەی کردووەتە بابەتێکی حەتمی و هەموو ئەمانەش شەڕ و کێشمەکێشی باڵەکان و قەیرانی حکوومەتی خستووەتە قۆناغێکی نوێوە

بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا لەژێر سەرکوت و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامیدا لە بواری ڕێکخستنیشدا پێشڕەوەییان کردووە. هاوکات توێژێکی بەرین لە هەڵسووڕاوان و ڕێبەرانی ڕادیکاڵی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە کە لە جەریانی ئەم ئیعترازات و مانگرتنانەدا هاتوونەتە مەیدان، ماتریالی ئینسانی شکڵدان بە ڕێبەرییەکی سەرتاسەرییان فەراهەم کردووە

لە کاتێکدا کە ڕەوتی ڕوو لە گەشەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان و بەهێزکردنی ڕێکخستنی ئەوان لە ئاستی سەرتاسەریدا درێژەی هەیە و سەرەڕای ئەوەیکە خەڵکی کوردستان لە جەریانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادیدا لە یەکگرتوویی و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی سەرتاسەریدا نیشانیاندا کە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و وەدیهێنانی خواستەکانیان هەر لەم مەسیرەوە تەعقیب دەکەن، بەڵام ئەحزابی ناسیۆنالیست بە ئومێد بەستن بە ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسلامی لەڕێگەی دەخاڵەتی ئیسرائیل و ئەمریکا، بەکردەوە بۆ بەلارێدابردنی خەڵکی کوردستان هەوڵ دەدەن. ئەم لایەنانە لە پێناو پڕۆژەی ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسلامی بە هاوکاریی دەوڵەتەکان، کەوتوونەتە مەسیری شکڵدان بە چەترێکی سیاسی واحد، وە بۆ دەسەڵاتداریەتی ئەحزاب لە کوردستان لە دوای ڕووخاندنی ڕژیم نەخشە دەکێشن. نەخشەڕێگای ئەم هێزانە ئامادەکاری بۆ دەسەڵاتداریەتی ئەحزاب و هەژمۆنی هێزە چەکدارەکانیان لە "دەورەی گوزار" واتە لە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە

بەڵام بەپێچەوانەی ئەم حیزب و لایەنانە کە بە دەستتێوەردانی دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری ئومێدیان بەستووە، ئێستا ئاڵقەی سەرەکی خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، وە لەڕاستیدا باشترین ڕێگا بۆ ڕێزگرتن لە یادی ژینا و هەموو گیانبەختکردووانی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە و ڕێزگرتن لەم داهێنانە جەماوەرییە، پەرەپێدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان لەدژی گرانی، هەژاری، بێکاری، کەمبوونی ئاو و بەرق، لەدژی سیاسەتی شەڕەنگێزانە و لەدژی سزای ئێعدام و بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسییە. ڕێزگرتن لە سێهەمین ساڵیادی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا پێویستە لەگەڵ شێوازە جۆراوجۆرەکانی نارەزایەتی لەدژی ئەم مەحرومییەت و بێمافییانە ئاوێتە بکەین

لە سێهەمین ساڵیادی بزووتنەوەی ژینادا دەبێ بڕیار بدەین کە ڕیزەکانمان ڕێکبخەین. تەنیا بە پەرەپێدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان و بە پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە شوێنی کار و ژیانی کرێکاران، بە پێکهێنانی کۆمیتە و ناوەندە جەماوەرییەکان لە گوند و گەڕەکەکانی شارەکان، بە پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی ژنان لە گەڕەکەکان



و هیتر، دەتوانین هەرجۆرە بۆشاییەک لە بەڕێوەبەری و ئیدارەی کۆمەڵگا لە ئاکامی لاوازبوونی دەوڵەتی مەرکەزی بە مودیرییەتی ناوەندە جەماوەرییەکان پڕ بکەینەوە. تەنیا بە پێکهێنانی ئەم ڕێکخراو و ناوەندە جەماوەرییانەیە کە لەگەڵ هاتنی یەکەمین شنەی شۆڕش و باشتر بوونی هاوسەنگی هێز، جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان دەتوانن لە خوارەوە و بە پشت بەستن بەم ناوەندانە، ئیدارە و مودیرییەتی کۆمەڵگا ڕاستەوخۆ بەدەستەوە بگرن

کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان تەنیا بە خۆڕێکخستن لە شۆراکان، کۆمیتەکان و باقی ناوەندەکانی دەسەڵاتی جەماوەرییە کە دەتوانن لەگەڵ لێکهەڵوەشانی هێزە چەکدارەکانی ڕژیم لە کوردستان، لەئاستی جەماوەریدا چەکدار بن و بە هێزی چەکداری خۆیان لە دەسەڵات و دەستکەوتەکانیان پارێزگاری بکەن

جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ستەملێکراوی کوردستان تەنیا بە سازماندران لە شۆراکان و باقی ناوەندەکانی دەسەڵاتی جەماوەرییە کە دەتوانن بۆ وڵامدانەوە بە پێداویستییە دەسبەجێ ئابوورییەکانی خەڵک، بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ نەهامەتی ئابووری نەخشە دابڕێژن، ئازادی بێ شەرت و مەرجی سیاسی، هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام، بەرابەریی تەواوی مافەکانی ژن و پیاو، جیایی دین لە دەوڵەت و پەروەردە ڕاگەیەنن، تەفرەقەنانەوەی میللی و مەزهەبی پووچەڵ بکەنەوە و بەرنامەی دەسەڵاتداریەتی شۆرایی جەماوەری بۆ ڕیشەکێش کردنی ستەمی نەتەوایەتی ڕاگەیەنن

شۆراکان و باقی ناوەندەکانی دەسەڵاتداریەتی خەڵک لە کوردستان دەتوانن بە پشت بەستن بە بەشداریی خەڵک لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگا لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپ و حیزبە چەکدارەکان ڕێگری بکەن و ناکۆکییەکان لەڕێگەی خەباتی سیاسی و بەشێوەی شارستانییانە مسۆگەر بکەن

کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بە پشت بەستن بە زیاتر لە چوار دەیە خەباتی شۆڕشگێڕانە و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کوشتار و سەرکوتگەرییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، توانا و پۆتانسیەلی ئەوەیان هەیە کە لە ستراتێژی سیاسی، ڕێکارەکان و لەڕاستیدا لە بێڕاهەی ئەحزاب و ڕێکخراوە ناسیۆنالیست و ئیسلامییەکان تێپەڕن. لە هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕەکان لە سەرتاسەری ئێران بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی، بۆ بەرپاکردنی دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان، بۆ وەدیهاتنی مافی دیاریکردنی چارەنووس و کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی و بۆ دابینکردنی مافە سەرەتاییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان سەرکەوتووانە هەنگاو هەڵگرن

لەم ڕووەوە، کۆمەڵە لە سەروبەندی سێهەمین ساڵیادی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادیدا، بۆ جارێکی تر هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشان، لاوان، ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی کوردستان، ناوەندەکان و چالاکانی بوارە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پەرەپێدان بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان بەشێوازی جۆراوجۆر، بۆ یەکگرتن لە دەوری ئاڵترناتیڤی دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان بانگهێشت دەکات

**بەرز و بەڕێز بێت یادی ژینا ئەمینی و هەموو گیانبەختکردووانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا**

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی دەسەڵاتداریەتیی شۆرایی خەڵک لە کوردستان**

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**

**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

١٩ی خەرمانانی ١٤٠٤ی هەتاوی

١٠ی سێپتامبری ٢٠٢٥ی زایینی

❊❊❊

# بەبۆنەی ١١ی خەرمانان چل و دووهەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

یـازدەی خەرمانـان سـاڵرۆژی دامەزرانـی حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێرانـە. ٤٢ سـاڵ لەمەوبـەر لـە وەهـا ڕۆژێکـدا حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران، لـە کونگرەیەکـی موئەسسـدا دامـەزرا و بەڕەسمی موجودیەتـی خـۆی ڕاگەیانـد. لـە ساڵرۆژی دامەزارنی حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێرانـدا یـاد و بیـرەوەری فیداکاریـی هاوڕێیـان و هاوسـەنگەرانێک ڕێـز لێدەگریـن کـە لـە ڕیزەکانـی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، چ لـە زینـدان و لەژێـر دڕندانەتریـن ئەشـکەنجەکان، یـان لـە بـەردەم داری ئیعـدام و لـە بەرانبـەر جوخـەی ئیعدامـی جمهوری ئیسلامیـدا و چ لە سـەنگەری شـەڕی شۆڕشـگێڕانەی کوردسـتان و خەباتـی چەکدارانـە لـە ڕیزەکانـی پێشـمەرگەی کۆمەڵـە دا، بـۆ ڕزگاری ئینسـانەکان لـە دەسـت ستەم و چەوسانەوە گیانیـان فیـدا کـرد. هەروەهـا سڵاو و دروود دەنێریـن بـۆ بنەماڵـەی خۆڕاگـر و سـەربەرزی ئـەم ئازیزانـە

دامەزرانـی حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران لـە ڕۆژی یـازدەی خەرمانانـی سـاڵی ١٣٦٢ ئەگەرچـی کاریکـی دەسـبەجی بـۆ وەڵام دانـەوە بـە هەلومەرجێکـی سیاسـی ئـەو دەورەیـە لـە لایـەن کۆمۆنیسـتەکانەوە بـوو کـە کەوتـە دەسـتوری کاریانـەوە، بـەڵام بـە هیـچ جۆرێـک کردەوەیەکـی لەنـاکاو نەبـوو و لـە ژوورێکـی داخـراودا و بـە دوور لەچـاوی کۆمەڵـگا و بزووتنەوە، زەمینەسـازی و تەدارەکـی بـۆ نەبیندرابـوو. حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران لـە درێـژەی خەباتـی مارکسیسـمی شۆڕشـگێڕ لـە دژی بیـروڕای وردەبورژوایـی کـە بزووتنـەوەی چەپـی ئێرانـی خسـتبووە ژێـر تەئسـیری خـۆی، پێـک هـات. مارکسیسـمی شۆڕشـگێر لەمـاوەی چەنـد سـاڵ سوسیالیسـمی وردەبـورژوازی، پوپولیزمـی مودەعـی مارکسیسـمی لـە بوارەکانـی نـەزەری، مێتۆدۆلۆژیـک، سیاسـی و شـێوەکاری، دایـە بـەر ڕەخنـە و جارێکـی تـر ئـاڵای سـەربەخۆیی کۆمۆنیزمـی شـەکاوە ڕاگـرت. شـکڵ گرتـن و گەشـەی بـە خێـرای مارکسـیزمی شۆڕشـگێڕ لـە ئێـران ڕەنگدانـەوەی سیاسـی و ڕێکخراوەیـی حـوزوری بەرچـاوی چینـی کرێـکاری ئیـران لـە مەیدانـی ئینقلابـدا بـوو. چینێـک کـە بـۆ بـەرەو پێـش چـوون و ڕزگاری خـۆی پێویسـتی بـە تیئـۆری شۆڕشـگێرانە و سـازمانی خـۆی هەبـوو. چینێـک کـە لـە عەینـی حاڵـدا بـە حـوزوری خـۆی لـە مەیدانـی خەباتـی شۆڕشـگێڕانەدا زەمینـەی مـادی و هەلومەرجێکـی لەبـاری بـۆ گۆڕینـی ئـەم تیئۆری شۆڕشـگێرانەیە بـە هێزێکـی واقعـی و کۆمەڵایەتـی ئامـادە کردبـوو و هەروەهـا بارووDۆخێکـی گونجـاوی بـۆ بەهێزکردنـی سیاسـی و ڕێکخراوەیـی سـازمانە پێشـڕەوەکانی خـۆی خولقاندبـوو. لـە واقعـدا حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران بەرهەمـی حـوزور و دەوری چینـی کرێـکار لـە ئاڵوگۆڕەکانـی شۆڕشـی سـاڵی ١٣٥٧ و هـەوڵ و تەقـالای شئۆڕشـگێڕانی کۆمۆنیسـتە، کـە نەتەنیـا لـە ڕیزەکانـی کۆمەڵـە و ئیتحـادی موبارزانـی کۆمۆنیسـت دا کـە ئـاڵای مارکسـیزمی شۆڕشـگێڕانەیان بـەرز کردبـووەوە و مەبانـی فیکریەکەیـان لـە هەڵوێسـتە ڕەسـمیەکانی خۆیانـدا نوێنەرایەتـی دەکـرد، بەڵکـوو لەنـاو سـازمانەکانی پەیـکار، ڕەزمەنـدەگان، وەحدەتـی ئینقلابـی، ڕەزمـی ئینقلابـی و چریکـە فیداییەکانـی خەڵـک، بـۆ هێنانـە دەری مارکسـیزم لـە ژێـر ئـاواری بەلاڕێدابردنەکانـی بورژوایـی و وردەبورژوایـی بـە شـیویەکی هەڵسـووڕاوانە خەباتیـان دەکـرد

ئـەم حیزبـە لـە هەلومەرجێکـدا پێـک هـات کـە شۆڕشـی ئێـران کەوتبـووە ژێـر زەبـری حکومەتـی دژی شۆڕشـی ئیسلامـی و دواییـن هەناسـەکانی خـۆی دەکێشـا. سـەرکوتە خوێناویـەکان، دەسـتگیریە بـەربڵاوەکان و ئیعدامـە بەرینـەکان، بەشـێک لـە سـازمانە چەپەکانـی بـە کـردەوە هەڵوەشـاندبووەوە. لـە وەهـا هەلومەرجێکـدا دامەزراندنـی حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران بـە دەسـتی بەشـێک لـە هێزەکانـی چەپـی ئێـران، وەڵامێکـی شۆڕشـگێڕانە و کارامـە و لـە ڕادەی خۆیـدا، بـەو بارودۆخـە نابەسـامانە بـوو. لـە حاڵێکـدا حکومەتـی جمهـوری ئیسلامـی لـە هەمـوو شـوێن هەڵوەشـاندنەوەی سـازمانە سیاسـیەکانی تەبلیغ دەکـرد، حیزبێکـی سیاسـی تـازە و بە شـوور و شـەوق، بە ڕۆحیە و ئومیـدەوار لـە حاڵـی شـکڵ گرتندا بـوو. حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێران هـەر لـە سـەرەتای پێـک هاتنیـەوە، لـە تـاران و شـارە گەورەکانـی ئێـران و لـە شـوێنە کرێکاریـەکان تەشـکیلات و هەڵسـووڕاوانی کرێـکاری لەگـەڵ خـۆی هێنـا و ژومارەیەکـی بـە نیسـبەت زۆر لـە هەڵسـووڕاوانی سیاسـی و کۆمۆنیسـتی ئێرانـی لەگـەڵ بـوو. لـە کوردسـتانیش پشـتی بـە بزووتنەوەیەکـی کۆمەڵایەتـی گـەورە بەسـتبوو کـە بەرژەوەندێکـی سیاسـی و بەرنامەیەکـی ڕۆشـنی هەبـوو. وجـوودی حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران ئاسـۆیەکی تـازەی بـە ڕووی کۆمەڵـەدا کـردەوە. ڕەزمەندەگـی و شـور و شـەوقی شۆڕشـگێڕانەی لـە ڕیزەکانـی کۆمەڵـەدا بـردە سـەرێ و ڕێـگای نـەدا پاشەکشـەی چەکدارانـەی بزووتنـەوەی کوردسـتان ئاسـۆی سیاسـی پێشـمەرگەکان لێـڵ و تاریـک بـکات و یارمەتیـدەری کۆمەڵـە بـوو بـۆ ئـەوەی ئـەو دەورانـە سـەخت و گرینگـە بـە باشـی پشـت سـەر بنێ

بـەڵام لەمـاوەی چـوار دەیـەی ڕابـردوودا هەلومەرجێـک کـە حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێرانـی تێـدا پێکهـات یەکجـار گـۆڕاوە. چ لەئاسـتی ئێـران و چ لەئاسـتی جیهانـدا ئاڵوگۆڕی بەریـن ڕوویداوە. ڕووخانـی بـەرەی شـۆڕەوی و ئـەو مۆدێلـە سـەرمایەدارییە دەوڵەتییـەی کـە بەنـاوی سۆسیالیسـم پێناسـەدەکرا، کۆتایـی شـەڕی سـارد، هەڵکشـان و داکشـانی نیئولیبرالیسـم، لاوازبوونـی دەسـەڵاتی ئابـووری و نیزامـی ئەمریـکا و هاتنـە مەیدانـی چیـن و بلۆکـە ئابوورییـە تـازەکان، شـەڕی ئیمپریالیسـتی لـە ئۆکرایـن، شـەڕی دەوڵەتـی ئیسرائیل لـەدژی خەڵکـی فەلەسـتین لـە غـەززە بـە پشـتیوانی ئەمریـکا و ڕەوتـی سـەقامگیربوونی جیهانـی چەندجەمسـەری و هـیتر، چەنـد نموونـە لـەو ئاڵوگۆڕانـەن. لەلایەکـی دیکـەوە ئەولەوییەتـی نیزامـی کاپیتالیسـتی بـۆ بەدەسـتهێنانی زۆرتریـن قازانـج لـە کورتتریـن مـاوەدا، گـۆی زەویـی بـەرەو لەناوچـون دەبـات و کۆمەڵـگای بەشـەری بـەرەوڕووی کارەسـاتێکی ژینگەیـی کردووەتـەوە. ئەگەرچـی پێشـکەوتنی خێـرای تێکنۆلـۆژی، ڕۆبـات و زیرەکیـی دەسـتکرد، زیاتـر لـە هەمـوو کاتێـک ئیمکانـی کەمکردنـەوەی سـەعاتی کار و بردنەسـەری ئاسـتی فەراغـەت و پشـکوتنی تواناکانـی مرۆڤـی فەراهـەم کـردووە، بـەڵام ئـەم پێشـکەوتنە مەزنانـە بەهـۆی پاوانخوازیـی کۆمپانیـاکان و دەسـەڵاتەکانی سـەرمایەداری بوونەتە ئامـرازی پەرەپێدانـی تـرس و نیگەرانـی لەنـاو کرێکارانـدا

لـە ئاسـتی ئێرانیشـدا هەلومەجـی کاری ئێمـە زۆر گـۆڕدراوە و ئاڵوگـۆڕێ گـەورەی تێـدا پیـك هاتـوە. لـە مـاوەی ئـەم ٤٢ سـاڵەدا جەمعیەتـی ئێـران بۆتـە زیاتـر لـە دوو هێنـدە، جەمعیەتـی کرێکارانـی سـەنعەتی بـە چەندیـن قـات زیـادی کـردوە و ڕەنـگ دانـەوەی ئـەم ئاڵوگـۆڕە، خـۆی لـە داخوازیـەکان و بەریـن بوونـەوەی ئیعترازاتـی کرێـکار دا نیشـان دەدات. لەمـاوەی سـێ چـوار سـاڵی ڕابـردوودا چینـی کرێـکاری ئێـران سـاڵانە بەشـێوەی مامناوەنـد دوو تـا سـێ هـەزار نارەزایەتـی و مانگرتنـی تەجروبـە کـردووە. نەسـلێک لـە هەڵسـووڕاوان و ڕابەرانـی کرێـکاری لـە ڕەوتـی خەباتـی کرێکاریـدا پـەروەردە بـوون و هاتوونەتـە مەیـدان کـە توانایـی و پوتانسـیەلی خۆیـان لـە سـازماندان و ڕابـەری دەیـان ئیـعتراز و مانگرتنـی کرێکاریـدا نیشـان داوە. ژنـان بـە وەڕێخسـتنی بزووتنەوەیەکـی خۆڕاگـری گـەورە لـە دژی یاسـاکانی دژە ژنـی ئیسلامـی و بـە حـوزوری بەرچـاوی خۆیـان لـە بزووتنـەوە ئیعترازیەکانـدا نیشـانان داوە کـە پێیەکـی ئەسـڵی هـەر ئاڵوگۆڕێکـن لـە داهاتـوودا. ئاخێـزە جەمـاوەری و سەرانسـەرییەکانی بەفرانبـاری ٩٦ و خەزەڵـوەری ٩٨، و ئاخێـزی شۆڕشـگێڕانەی سـاڵی ١٤٠١ی هەتـاوی کـە بەنـاوی ڕەمـزی ژن، ژیـان، ئازادییـەوە دەسـتپێکرد، ئاڵوگۆڕێکـی گـەورەی لـە وشـیاریی کۆمەڵانـی خەڵکـدا پێکهێنـا. قەیرانەکانـی ژینگـە و ئاکامەکانـی، خەبـات لـە دژی ویـران کردنـی ژینگـەی کردۆتـە ئەمرێکـی دەسـتبەجێ بـۆ کۆمۆنیسـتەکان. مەسـەلە کۆمەلایەتیەکانـی ئێرانی ئەمـڕۆ، بـە بـەراورد لەگـەڵ سـێ یـان چـوار دەیـە لەمەوبـەر بـە تـەواوی تـازەن. شـەپۆلی کۆچکردنـی گوندنشـینان بـەرەو شـارەکان و پەرەئەسـتاندنی شارنشـینی و هـاوکات زۆربوونـی حاشیەنشـینی، و سـەرجەم ئـەم ئاڵوگۆڕانـە، ئێمـە و بارودۆخـی کار و هەڵسـووڕانی ئەمـڕۆی ئێمـەی لەچـاو سـاڵانی سـەرەتای چالاکـی حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران، خسـتووەتە بارودۆخێکـی بەتـەواوی جیـاوازەوە. ئەوانـەی کـە ئـەم واقعیەتـە بەرچـاوە نابینـن و نەخشـەی هەڵوەشـاندنەوەی حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران لـە سـەریاندایە، لـە حەقیقەتـدا بـە ڕاگەیاندنـی عەجـز و بـێ توانایـی خۆیـان لـە تێگەیـشتن لـە بارودۆخـی ئێسـتا و ئەرکـە گەورەکانـی ئـەم دەورەیە، بـە کردەوە کرێـکاران و زەحمەتکێشـان و خەڵکانـی هـەژاری کۆمەڵـگا لـە مەیدانـی خەباتـەوە دەنێرنـە قوربانـگای سـات و سـەودا لەگـەڵ حیزبـە بورژوایـەکان

هەمـوو ئـەم ئاڵوگۆڕانـە لەبارودۆخێکدایـە کـە چینـی کرێـکار بەتایبـەت لەمـاوەی دوو دەیـەی ڕابـردوودا گۆڕانـی گـەورەی بەسـەردا هاتـووە. بەپێچەوانـەی ئـەو تەبلیغاتـەی کـە سـەبارەت بـە کەمڕەنگبوونـەوەی چینـی کرێـکار و پڕڕەنگبوونـی ڕۆڵـی چینـی مامناوەنـد دەکـرێ، هیچـکات چینـی کرێـکار بەقـەد ئێسـتا دەسـەڵاتی ئابووریـی نەبـووە و هیچـکات بەئەنـدازەی ئێسـتا لـە بەرهەمهێنانـی کۆمەڵاتیـدا دەورونەخشـی نەبـووە. خەباتـی ئـەم چینـە لـە سـەردەمی سـەرمایەداریدا هـەروا مۆتـۆری ئاڵوگـۆڕی شۆڕشـگێڕانە لـە مێـژوو و کۆمەڵگادایـە و ئـەم ئەسـڵە کـە لـە ناوەنـدی سـەرەنجی مارکسـدا بـووە هـەروا بەهێـزەوە ئیعتبـاری مێژوویـی و عەینیـی خـۆی پاراسـتووە. حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران لـەم قۆناغـەدا پێویسـتە ئـەم ئاڵۆگۆڕانـە و بابەتـی سـەرەکی چالاکیـی خـۆی بەباشـی بناسـێت. ئـەم حیزبـە تەنها بـە

ئاوێتەبوون لەگەڵ بزووتنەوەی ئابووریی چینی کرێکار و بە پشت بەستن بە ڕۆڵی ڕێبەران و پێشڕەوان و بەشی وشیاری چینی کرێکارە کە دەتوانێت ڕۆڵی خۆی لە ڕێکخستنی شۆڕشی کرێکاریدا بگێڕێت

لە کوردستانیش ئەگەر لە زاویەی قازانج و بەرژەوەندی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی هەژارەوە چاو لە مەسەلەکانی کۆمەڵگا بکەین، هەرچی زیاتر کردنی هەڵسووڕانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە وەک بەشێکی جیا نەکراوەی ئەم حیزبە پێویست و حەیاتیە. لە کاتێکدا کە ناسیونالیزم بە یارمەتی هەموو پاشەکەوتەکانی فەرهەنگی و سیاسی و بەرنامەیی خۆی، تەفرەقە و جیایی لە نێو ڕیزەکانی کرێکارانی سەر بە نەتەوە جۆراوجۆرەکان پەرە پێدەدات و ئێمە هەموو ڕۆژێک شاهیدی ئەو کارەساتانەین کە بەپێی بەرنامە و سیاسەتە ناسیونالیستیەکانیان لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی دونیا دەیخوڵقێنن، لێرەش لە کوردستان پشت بەستن بە حیزب و سازمانێکی سەرتاسەری و کۆمۆنیستی، بە شێوەئەکی کارامە یارمەتیدەری بەهێز کردنی یەکیەتی چینایەتی کرێکارانی کوردستان لەگەڵ باقی کرێکارانی بەشەکانی دیکەی ئێرانە

ئەمڕۆ لە کاتێکدا کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە قەیراناویترین قۆناغەکانی تەمەنیدایە، ستراتێژی ناوچەییەکەی بۆ بوون بە دەسەڵاتی باڵادەست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆ زەمانەتکردنی مانەوەی خۆی تۆشی شکست بووە، بناغەی ئیدئولۆژیکی دەسەڵاتەکەی دارماوە، توانای دابین کردنی ئاو و بەرق و هەوای سالمی نییە، لەژێر فشاری بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکاندا ناکۆکییە ناوخۆییەکانی توندتر بوونەوە، پایەکانی دەسەڵاتەکەی لاواز بووە و یەک لە دوای یەک دادەڕمێت، لە کاتێکدا کە حیزبە ناسیونالیستەکان لە کوردستان تێدەکۆشن بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بکەنە هاوپەیمان و هێزی زەخیرەی ئۆپوزیسیونی بورژوایی لە سەتحی سەرتاسەریدا و بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بە دەخاڵەتی دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکان ئومێدیان بەستووە، کۆمەڵە وەک ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تێدەکۆشێ پەیوەند و هاوبەستەگی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەتحی سەرتاسەریدا بەهێز بکات. کۆمەڵە لە ڕێگەی پەرەپێدان بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەک بە سازماندانی ئەم بزووتنەوانە، هێز و توانا دەبەخشی بە خەبات بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و هەڵسووڕانی سەرتاسەری بۆ شکڵ پێدان بە بەدیلی سوسیالیستی و ئاسۆی سەرکەوتن و دەسەڵاتداریەتی شۆرایی دەخاتە بەردەم خەڵکی کوردستان. لە ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بۆ جارێکی تر هەموو کۆمۆنیستەکان و کرێکارانی وشیاری ئێران بۆ پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی ئەم حیزبە و خەبات لەپێناو ئەم ئەرکە مێژوویی و پڕ لە شانازییە بانگەشە دەکەین

***

# یادێک لە سێ سیمای هەمیشە زیندووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران هاوڕێیان فواد و سدیق و غوڵام

ڕۆژانی چوارەم، نۆهەم و سێزدەهەمی مانگی خەرمانان، وەبیرهێنەرەوەی سێ ڕووداوی گرینگە لە ژیانی سیاسی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا. لەم ڕۆژانەدا، ڕەوتی ئێمە، سێ کەس لە ڕێبەرانی هەڵکەوتووی خۆی، فواد مستەفا سوڵتانی، سدیق کەمانگەر و غوڵام کەشاوەرزی لەدەستدا. ڕۆڵی سیاسی ئەوان لە پەنا پتر لە دوو هەزار و ٥٠٠ گیانبەختکردووی ڕیزەکانی ڕەوتی ئێمە، ژیانی سیاسی ئەوانی کردووەتە بەشێک لە مێژووی ئەم کۆمەڵگایە. با بە یادی هەموو ئەو ئازیزە گیانبەختکردووانە، بەکورتی چاوخشاندنێکمان دەکەین بەسەر ژیانی ئەم سێ سەرقافڵەیەی کاروانی گیانبەختکردووان

٤٦ ساڵ لەمەوبەر لە ڕێکەوتی ٩ی مانگی خەرمانانەدا هاوڕێ فواد کەسایەتیی ناسراوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران، ڕێبەری خۆشەویستی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ڕێکخەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان، لە دەرگیرییەکی نابەرابەردا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاوایی "بەستام" لە مەسیری جادەی سەقز – مەریوان گیانی بەختکرد

هاوڕێ فواد مستەفا سوڵتانی ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی لە ئاوایی ئاڵمانەی سەربە شاری مەریوان، لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و قۆناغی دواناوەندی خۆی لە ئاڵمانە و سنە تەواو کرد. لە ساڵی ١٣٤٥ دەچێتە زانکۆی سەنعەتی تاران و بڕوانامەی ئەندازیاریی بەرقی لەو زانکۆیە وەرگرت. لە سەردەمی خوێندنی لە زانکۆ لەگەڵ ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە و مارکسیستی ئاشنا بوو و هەر لەو پەیوەندەدا ڕووی کردە چالاکی سیاسی. لە ساڵی ١٣٤٨ لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوبیرانی، تەشکیلاتێکی دامەزراند کە دواتر ناوی کۆمەڵەی لەسەر دانرا. ساڵی ١٣٥٣ لە شاری سنە لە لایەن ساواکی شاوە دەستبەسەر کرا و بۆ زیندانی کۆمیتەی هاوبەشی ساواک و شارەبانی لە تاران ڕاگوێزرا. بۆ ماوەیەکی زۆر کەوتە ژێر ئازار و ئەشکەنجەوە، بەڵام نهێنییەکانی تەشکیلاتی بە سەربەرزییەوە پاراست. دوای سێ ساڵ لە زیندانی قەسر و لە تاران بۆ زیندانی سنە لە کوردستان ڕاگوێزرا و دوایین ساڵی بەندکرانی لەوێ تێپەڕاند. مانگرتن لە خواردنی ٢٤ ڕۆژەی بەندکراوان لە زیندانی سنە، کە بوو بەهۆی ئازادی ئەو و کۆمەڵێک بەندکراوی دیکە، بە هیمەتی کاک فواد ڕێکخرا و بەسەرکەوتن گەیشت. بەمجۆرە حزووری کۆمەڵایەتی فواد، بە ڕێبەری کردنی ناڕەزایەتیی بەندکراوانی سیاسی، دەستیپێکرد. ئەگەر تا پێش ئەوە، فواد ڕێبەر و ڕێکخەری خەباتی نهێنی بوو، لەمەبەدوا، لێهاتوویی و توانایەکانی لە بواری خەباتی کۆمەڵایەتی یەك لەدوای یەك پشکوتن. کۆمەڵە، ئەو ڕێکخراوە کۆمۆنیستییەی کە هاوڕێ فواد لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوسەنگەرانی، ٩ ساڵ پشتری دایانمەزراندبوو، لەگەڵ ڕاپەڕینی جەماوری خەڵکی ئێران دژ بە ڕژیمی شاە، خۆی ئاشکرا کرد. ناوی فواد مستەفا سوڵتانی و کۆمەڵە، لە ڕێبەریی خەباتی سەردەمی ڕاپەڕینی ١٣٥٧، لە بزووتنەوەی جەماوەری لە شاری سنە و پێکهێنانی شورای شار لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، لە کۆچی مێژوویی خەڵکی شاری مەریوان، لە ڕێکخستنی یەکیەتی جووتیاران، لە ڕێپێوانی بەرینی جەماوەری لە سنەوە بۆ مەریوان، لە پێکهێنانی یەکەمین پۆلەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە، لە پێکهێنانی جەمعیەتە دیمۆکراتیکەکان لە زۆربەی شارەکانی کوردستان و لە ڕێکخستنی موقاوەمەتی چەکدارانەی جەماوەری لە بەرامبەر هێرشی ڕژیم بۆسەر کوردستان، دەرەوشایەوە. فواد بۆ ئەو هەمووە کارە مێژووییە تەنیا ١١ مانگی دەرفەت هەبوو. لەگەڵ لەشکرکێشیی کۆماری ئیسلامی بۆسەر کوردستان لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨، هاوڕێ فواد دەستپێشخەری کاری ڕێکخستنی موقاوەمەتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان بوو کە ڕۆژی ٩ی خەرمانانی هەمان ساڵ لە نەبەرد لەگەڵ هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی



گیانی بەختکرد

پەیگیرکردنی بێ ڕاڕایی ئەوەی وا باوەڕی پێی بوو، لە خەسڵەتە بەرچاوەکانی کاک فواد بوو. لەو کاتەوە کە فواد هاتە گۆڕەپانی خەباتی سیاسییەوە، لە زیندان و لە دەرەوەی زیندان، بۆ ساتێکیش ئۆقرەی نەگرت. ئەوەیکە کۆمەڵە لە ماوەیەکی کورتدا پاش ئاشکرا کردنی چالاکیەکانی لە ڕێکخراوێکی نهێنیەوە بوو بە ڕێکخراوێکی جەماوەری سەرتاسەری بە هەڵوێستی ڕادیکاڵ و پێشڕەو لە کوردستان و پانتایی چالاکیەکانی، تاران و تەورێز و چەند شاری دیکەی ئێرانیشی گرتەوە، تا ڕادەیەکی زۆر، بەهیمەتی ڕێبەریی کاک فواد بوو. فواد ساتەکانی بە باشی دەناسی و لە قۆناغە هەستیارەکاندا بڕیاری درووست و بوێرانەی دەدا. بوێریی کاک فواد سەرچاوەگرتوو لە باوەڕی قووڵی بە هێزی لەبن نەهاتووی جەماوەر بوو. خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لە میحوەری ئەندێشە و کردەوەی "فواد"دا بوون و گروتینی شۆڕشگێڕانەی فواد، خۆی، هێمای خەباتی زەحمەتکێشان بۆ ڕزگاری بوو

***

کاتژمێر ٢ی بەرەبەیانیی ڕۆژی ١٣ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٨، هاوڕێ سەدیق کەمانگەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، لە حاڵێکدا کە خەریکی نووسینی وتارێك بۆ دەنگی شۆڕشی ئێران، ڕادیۆ کۆمەڵە بوو، لە کردەوەیەکی جەنایەتکارانەدا لە لایەن خائین و بەکرێگیراوێکی کۆماری ئیسلامی هێرشی کرایە سەر و گیانی بەخت کرد

هاوڕێ سدیق لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی لە ئاوایی ئافریانی سەربە شاری کامیاران لەدایك بووە. قۆناغی خوێندنی سەرتایی تا دواناوەندیی لە کامیاران و کرماشان تێپەڕاند. لە ساڵی ١٣٤٤ دەچێتە زانکۆی تاران و لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی بڕوانامەی کارناسیی باڵای لە زانکۆی زانستە سیاسیەکان وەرگرت. لە ساڵەکانی دەیەی ١٣٥٠ی هەتاوی بەلەبەرچاوگرتنی ناکۆکیی نێوان جووتیاران و خەڵکی ئاوایی دارسەیرانی مەریوان لەگەڵ مالیك و فێئۆدالە کوردەکان، کە شکڵی خەباتی جەماوەریی بەخۆی گرتبوو، هاوڕێ سدیق وەك پارێزەر، دیفاعی لە مافی جووتیاران کرد. هەروەها لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ٥٧ی هەتاوی بۆ پشتیوانی لە مانگرتن لەخواردنی بەندکراوانی سیاسی لە زیندانی سنە، یەکەمین کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیی لە بەرامبەر بینای دادگوستەریی ئەمشارە ڕێکخست

سدیق کەمانگەر سیمای درەوشاوە و خەباتکاری بە ئەزموونی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، یەکێك لە بەناوبانگترین و خۆشناوترین ڕێبەرانی جەماوەری خەڵك و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، ئاژیتاتۆر و وتەبێژی هەڵکەوتەی جەماوەری بوو. لە پتر لە چوار دەیە پێش گیان بەخت کردنیەوە، خەبات لە ڕێگای ڕزگاریی چینی کرێکاری کردبووە ئامانجی ژیانی خۆی و لەمەبەدوا ژیانی پڕلە هەڵسووڕانی لەگەڵ خەباتی کۆمۆنیستی و شۆڕشێگڕانە تێکهەڵکێشرا. دەستپێکی خەباتی ڕێکخراو، لەناو ڕێکخراوی نهێنی کۆمەڵە لە یەکەمین مانگەکانی دامەزرانیەوە، دەرکەوتن وەك ڕێبەری بزووتنەوەی جەماوەری لە سەردەمی شۆڕش دژبە ڕژیمی شا، بڵاوکردنەوەی چەندین بەیانییە وەك وتەبێژی ناوەندی پارێزەرانی ئێران، بوون بە ڕێبەر و وتەبێژی بەرەی ڕادیکاڵی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە بەرامبەر کۆنەپەرستانی مەحەلی و ئایینی لە جنووبی کوردستان، بوون بە ڕێبەری جەماوەری ڕاپەڕیو لە شاری سنە، پاشان درەوشانەوەی وەك زمانی ڕەوان و ئاگرینی خەڵکی ڕاپەڕیو دژبە ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئیسلامی لە جەرەیانی نەورۆزی خوێناوی سنە و لە شۆرای شۆڕشگێڕی ئەمشارە، پێناسەکرانی لەگەڵ داخوازیی و بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی شار و گوند لە کوردستان، بەشداری کردن لە نەبەردی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان وەك فەرماندەی نیزامی، سەرپەرستی و بەڕێوەبردنی دەنگی شۆڕشی ئێران، ڕادیۆ کۆمەڵە کە خۆی یەکێك لە نووسەران و وتاربێژانی بەناوبانگی بوو، بەشداری کردن لە چالاکییە جۆراوجۆرە سیاسی و تەشکیلاتیەکان وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە، بەشێك لە کارنامەی سیاسیی پڕباری هاوڕێ سدیق کەمانگەر پێکدێنن

***

هاوڕێ غۆڵام کەشاوەرز، (بەهمەن جەوادی)، لە ساڵی ١٣٤٤ لە ئاوایی نارەکی سەربە شارستانی دووگۆنبەدان لە دایك بوو. لە تەمەنی تازەلاویدا لەگەڵ ئەدەبیاتی ناڕەزایەتی ئاشنا بوو و ڕووی کردە خەباتی سیاسی. پێکهێنانی کۆڕێك بەناوی "کردەوەی شۆڕشگێڕانە دژبە بارووددۆخی ئێستا" لە ساڵەکانی ٥٢ و ٥٣ی هەتاوی، یەکەمین هەنگاوەکانی هاوڕێ غۆڵام بوو لە پێناو ئامانجە مەزنە کۆمۆنیستیەکان تا گەیشت بە بەشداری کردنی لە دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. لە ساڵی ١٣٥٤ و هەر لە یەکەمین ڕۆژەکانی چوونی بۆ زانکۆی کشت و کاڵی کەرەج، جێگای خۆی لەناو کۆڕی خوێندکارانی شۆڕشگێڕ کردەوە. کۆمەڵێك چالاکی سیاسی و بەشداری کردنی لە بەڕێوەبردنی چەندین ناڕەزایەتی و مانگرتنی خوێندکاری کە دواییینیان، بانگەوازی سەرکەوتووانەی خۆێندکاران بۆ پشتیوانی لە خواست و مانگرتنی کرێکارانی چیتی جیهانی تاران لە مانگی گوڵانی ١٣٥٥ی هەتاویدا بوو و بەهۆیەوە دەستبەسەر و زیندانی کرا. هاوڕێ غۆڵام کەشاوەرز لە زیندان گیانفیدایانە موقاومەتی کرد. بۆ ئەو کەسانەی کە لە بەندەکانی دەوروبەریەوە هاواری ئەویان دەبیست و ڕاکێشرانی جەستەی بریندار و بەئازاری ئەویان لە ڕاڕەوەکاندا هەست پێدەکرد، دەنگی "وتم کە نازانم"ی ئەو، متمانە بەخۆیی، هیوا، وورەی شۆڕشگێڕانە و توانای خۆڕاگریی چەند هێندە دەکرد

ساڵی ٥٧ لەگەڵ هەزاران دیلی دیکە لە زیندان ئازاد بوو. وتار، تەبلیغ و بانگەشە لە کارخانەکان، لە زانکۆکان و لە شەقامە پڕ گڕوتینەکانی شۆڕش، ڕۆیشتن بۆ کارخانەکان، بەشداری کردن لە گرتنەوەی پادگانی عێشرەت ئاباد، پێکهێنانی کۆڕ و ناوەندی فێرکاری و تەبلیغ بۆ کرێکاران و لاوان. هاوڕێ غۆڵام شەو و ڕۆژ هەوڵی دەدا. سەرەتاکانی زستانی ساڵی ٥٨ لەگەڵ گرووپێك لە هاوڕێ و هاوبیرانی بە "یەکیەتیی خەباتکارانی کۆمۆنیست" پەیوەست بوو. پاش زەربە لێکەوتن لە تەشکیلات و شوێنگرتی پۆلیس، لە زستانی ساڵی ٦١ ڕووی لە ناوچە ئازادەکانی کوردستان کرد. پاش کۆنگرە ی دامەزرێنەری حیزب، هاوڕێ غۆڵام بە ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی تەشکیلاتی نهێنیی حیزب هەڵبژێردرا. لە ساڵەکانی دواییدا و تا کاتی گیانبەخت کردنی بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری لە ئاست ڕێبەریدا لەئەستۆ بوو و هاوکات لە خاوەن بۆچوونە جیدی و پەیگیرەکان بوو لە ئاستی ڕێبەری حیزبدا. شەوی چوارەمی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، هاوڕێ غۆڵام کشاوەرز، لە حاڵێکدا کە بۆ دیتنی کەس و کاری ڕۆیشتبووە قیبرێس، لە شاری لارناکا لە لایەن بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیەوە هێرشی کرایە سەر و کاتژمێرێك دواتر لە نەخۆشخانە گیانی بەخت کرد

وێڕای نوێ کردنەوەی پەیمانی وەفاداری لەگەڵ هەموو ئارمانە کۆمۆنیستی و ڕزگاری بەخشەکان، کە هاوڕێیان فواد و سدیق و غۆڵام لە ڕەچەشکێنانی شێلگیری بوون، یادیان بەرز و بەڕێز ڕادەگرین

❊❊❊

# ڕاگەیاندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ پشتیوانی لە مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکارانی ئاڵمینیۆم سازی ئەراک

زیاتر لە چل ڕۆژە کرێکارانی ئاڵمینیۆم سازی ئەراک بە مانگرتن لە خواردن و ناڕەزایەتی بەردەوام لەدژی بارودۆخی کارەساتباری بژێو و کاریان، لە بەدواداچوونی داخوازییەکانیان بەردەوامن. ئەم خەباتە بەرینتر لە خواستی حەقدەستی دواخراو یان گۆڕینی ئایینامەیەکی سنووردارە. دیفاعێکی بونیادییە لە مافی ژیان، کەرامەتی ئینسانی و مەوجوودییەتی کرێکاران. کرێکاران لە دەوری چەند بابەتی سەرەکی لەسەر مافەکانیان پێداگرییان کردووە: پێداچوونەوە و جێبەجێ کردنی گەڵاڵەی ڕیزبەندیی پیشەکان، پێدانی سەری وەختی حەقدەست، گۆڕینی کەرەستەی کۆنە و پرتووکاوی بەرهەمهێنان بۆ ڕێگری کردن لە داخرانی کارخانە، لەبەرچاوگرتنی ستانداردە ئیمەنییەکانی کار، کۆتایی هێنان بە فشار و ئازاری بەشی مودیرییەت، بێدەسەڵات کردنی سەهامداری گەورەی بەشی خسووسی کە هەوڵ دەدات ئەم کارخانە گەورە و سەرەکییە تووشی وەرشکستەیی کات. خواستەکانی کرێکاران ڕیشەی لە موناسباتی سەرمایەدارانەی زاڵ و سیاسەتی دژەکرێکاریی ڕژیمی ئیسلامیدایە کە ئەمنیەتی پیشەیی کرێکارانی لەناوبردووە و ژیانی کرێکاران و بنەماڵەکانیانی خستووەتە مەترسییەوە

لە بەرامبەر مانگرتن و ئیعترازی کرێکاراندا، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و نوێنەرانی لە کارخانەکان، بە گشتی دوو تاکتیک بەکار دێنن: یەکەم، سەرکوتی ڕاستەوخۆ کە بریتییە لە بەکارهێنانی هێزی ئەمنی و پۆلیس بۆ پێکهێنانی ترس لەناو کرێکاران و لێکبڵاوکردنی مانگرتنیان. دووهەم لەڕێگەی هاوکاری ڕاستەوخۆ لەگەڵ مودیرییەتی کارخانە، بە دانی بەڵێنی بێبنەما و ڕاگەیاندنی کۆتایی درۆینەی مانگرتن هەوڵ دەدەن خۆڕاگری و یەکگرتوویی و یەکپارچەیی کرێکاران تێکبشکێنن. سەبارەت بە کرێکارانی ئاڵمینیۆم سازیش هەر ئەم تاکتیک و فرتوفێڵانەیان بەکارهێناوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان لە کاتێکدا کە کرێکارانی ئاڵمینیۆم سازی چاوەڕوانی بەڵێنی فەرمانداری ئەراک بۆ وەدیهێنانی خواستەکانیان بوون، بەیانی ڕۆژی ٢٠ی خەرمانان، بەرپرسانی شیرکەت ڕایانگەیاند کە نوێنەرانی وەلی فەقیە و هەروەها ئەندامانی هەیئەتی مودیرەی شیرکەت بۆ بەدواداچوونی خواستەکانی کرێکاران چوونەتە کارخانە. بەڵام دوای تێپەڕینی سەعاتێک دەرکەوت کە ئەو کەسانە لە هێزەکانی پۆلیسی تاران بوون کە بە ئامانجی پێکهێنانی ترس و وەحشەت لە ناو کرێکاران و تێکشکاندنی مانگرتن لە خواردنیان چوونەتە کارخانە. لە هەمان کاتدا، ژمارەیەک لە ئەندامانی هەیئەتی مودیرەش لەناکاو چوونەتە کارخانە و لە کۆبوونەوەیەکدا هەوڵیان داوە بە نووسینی سوورەت جەلەسە و ناردنی ژمارەیەک لە کرێکاران بۆ نەهارخۆری و گرتنی وێنە و ڤیدیۆ، کۆتایی مانگرتنی کرێکاران ڕاگەیەنن. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم هەڕەشە و تاکتیکانەی دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی و دەستەی بەڕێوەبەری شیرکەت، مانگرتن لە خواردنی کرێکاران درێژەی هەیە. ئەم دوو شێوەیە، واتە زۆر و فریو، ڕوخساری ڕاستەقینەی ڕژیمی سەرمایەداری ئیسلامی نیشان دەدات و

پەیوەندییەکەی لەگەڵ چینی کرێکار ئاشکرا دەکات. کاتێک سەرمایەداران و حکوومەت ڕووبەڕووی بەرهەڵستی ڕێکخراوی کرێکاران دەبنەوە، سەرەتا پەنا دەبەنە بەر سەرکوتکردن و هەڵخەڵەتاندن و بەلاڕێدابردن. ئەم واقعیەتە بە خەباتی کرێکاران بۆ وەدیهێنانی داخوازییەکانیشیان سرووشتێکی سیاسی و چینایەتی دەبەخشێت.

ناڕەزایەتی یەکگرتووانەی کرێکارانی ئالۆمینیۆم سازیی ئەراک نموونەیەک لە ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا و ڕەوتێکی ڕوو لە گەشەیە کە ئەمڕۆ لە سەرتاسەری ئێران لەدژی گرانی و هەڵاوسانی بێسنوور و هەژاری و نەهامەت ئابووری لەئارادایە. قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و ئاکامی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان کە خۆی بەرهەمی سیاسەتەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییە هەزاران ناوەندی سەنعەتی و بەرهەمهێنانی گەیاندووەتە ئاستی مایەپوچبوون و سەدان هەزار کرێکاری خستووەتە ژێر مەترسیی بێکارییەوە

لە بارودۆخی ئێستادا کە بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران لە ستوونی سەرەکیی پێشڕەویی خۆی واتە لە ڕێکخراوی جەماوەری و چینایەتیی سەربەخۆ لە دەوڵەت بێبەرییە، پەرەپێدان بە ناڕەزایەتییەکانی ئێستا و بزووتنەوەی داخوازیی کرێکاران لە ڕێگەی بەشداری چالاکانە لەم خەباتەدا و لەقاودانی بەردەوامی ئەو سیاسەت و فشارانەی کە خاوەنکاران و دەوڵەت لەدژی بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکار بە کاری دێنن، بابەتێکی یەکجار گرینگە. ئەم مانگرتن و ناڕەزایەتییانە دەتوانن بەستێنێک بۆ ڕێکخستنی چینایەتی و جەماوەریی کرێکاران بێت.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران داوا لە هەموو بەشەکانی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران و ناوەند و ڕێکخراوە کرێکارییەکان دەکات کە بە هەر شێوەیەک کە دەتوانن پشتیوانی خۆیان لەم بەشە لە هاوچینەکانیان ڕاگەیەنن. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای پشتیوانی لە خەباتی لێبڕاوانە و پڕگڕوتینی کرێکارانی ئالمینیۆم سازی ئەراک و وێڕای پشتیوانی لە درێژەی مانگرتن و کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکانیان هەتا وەدیهاتنی خواستەکانیان، داوا لەو کرێکارە ئازیزانە دەکات کە بۆ ڕێگری کردن لە ئاکامە زیانبار و مەترسیدارەکانی مانگرتن لە خواردنی درێژماوە لەسەر تەندروستییان، کۆتایی بە مانگرتن لە خواردنەکەیان بێنن

**بژی هێزی یەگگرتوویی و یەکڕیزیی کرێکاران**

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٢١ی خەرمانانی ١٤٠٤ی هەتاوی

١٢ی سێپتامبری ٢٠٢٥ی زایینی

❊❊❊

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

# بەیادی ژینا ئەمینی، بۆ ڕێزلێنان لە دەستکەوتەکانی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی خەرمانانی ١٤٠١، لەدژی هەژاری و بێ ئاوی و ئێعدام و ژنکوژی لەدژی شەڕی کۆنەپەرستانە

لە سێهەمینساڵیادی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی مانگی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاویدا، دەستکەوتەکانی ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێڕانە و ئاڵوگۆڕی خولقێنەر، یادی ژینا ئەمینی ڕێز لێدەگرێن. کوشتنی ئانقەست و نامرۆڤانەی ژینا ئەمینی (مەهسا) بوو بە چەخماخەی ئاخێزێکی شۆڕشگێڕانە، کە ناوبانگی گەیشتە هەموو دنیا و سیمای سیاسی ئێرانی گۆڕی. ئاخێزێکی ژن میحوەر کە بە سووتاندنی حیجاب هەموو موقەدەساتی ئیسلامی و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی خستە لەرزە. ڕاپەڕینێک کە نە بۆ ڕێفۆرمی ڕژیمی ئیسلامی و نە بۆ ڕێفراندۆم، بەڵکوو ڕاستەوخۆ بۆ ڕووخاندنی گشت ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هاتە مەیدانی نەبەردەوە. ئاخێزێک بوو لە قووڵایی کۆمەڵگاوە. کرێکاران، زەحمەتکێشان، ستەملێکراوان و ژنان و نەسلی لاوی ژێر ستەم بۆ ڕیشەکێش کردنی دەسەڵاتی زوڵم و ئیستبداد و چەوسانەوە ڕاپەڕین. بەشێکی بەرچاو لە کرێکاران، ژنان و لاوان، بۆ ماوەی سێ مانگ، بەدەستی بەتاڵ، بەڵام بە عەزم و ئیرادەی پۆڵایینەوە سوور بوون لەسەر ئەوەی ڕژیمی سەرمایەداریی ئیسلامی بڕووخێنن. بەوتەی سەرانی ڕژیم "ئەوە شۆڕش بوو، ڕژیمی هەتا سەر لێواری ڕووخان برد". ئاخێزێک کە ڕادیکاڵیسمی چەپ و ئازادیخوازی نوێنەرایەتی دەکرد، ترس و لەرزی خستە ناو گشت ڕژیمەوە. ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستی ئێرانی بەپێچەوانەی مانۆڕە پووچ و بێبنەماکانیان لە دەرەوەی وڵات، لەئاستی کۆمەڵگادا و لە قووڵایی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا خستە پەراوێزەوە.

کۆماری جنایەتی ئیسلامی بەوپەڕی وەحشیگەرییەوە، بە هێنانە مەیدانی هەموو هێزە سەرکوتگەرەکانی، ئەم ئاخێزەی سەرکوت و خەڵتانی خوێن کرد. هەزاران کەسی دەستبەسەر و ئەشکەنجە کرد. چاوی لاوانی ناڕازیی کوێر کرد. خوێنی بەسەر کۆمەڵگادا پژاند و ئێعدامی وەک ئامرازی تۆقاندن بەکارهێنا. کۆماری ئیسلامی بە سەرکوتگەری، دووبارە گیانی گرتەوە و هەتا ئێستاش لەم ڕێگەیەوە دەسەڵاتەکەی پاراستووە. سەرەڕای دامرکانی قۆناغە بەرچاو و سەرتاسەرییەکانی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی مانگی خەرمانان، لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاری، خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ڕادیکاڵەکان لەوانە مامۆستایان و خانەنیشنان، پەرستاران، شۆفیرانی کامیۆن و کامیۆنداران و نەسلی جەوان لە زانکۆکان و جووتیاران، توێژە ستەملێکراوەکانی دیکە بەردەوام لەئارادا بووە و بەرەنگاری کۆماری ئیسلامی بوونەتەوە. بەتایبەت درێژەی نەبەردی بزووتنەوەی ژنان و کچانی لاو و خەڵکی پشتیوانیان، بەکردەوە گەڵاڵەی کۆنەپەرستانەی "حیجاب و عیفاف" و دیاردەی ئیسارەتباری حیجابی تووشی شکست کرد. بەو مانایە، یەکێک لە داخوازییە سەرەکییەکانی ئاخێزی ئازادیخوازانەی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی بەدیهاتووە

سێ ساڵ لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی خەرمانانی ١٤٠١، کە بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئیسلامی و سەرمایەداری لە ئێران کەوتە ڕێ، تێدەپەڕێت. ئەوەیکە بوو بەهۆی سەرهەڵدانی ئەم ئاخێزە و ئاخێزەکانی پێشتر لە مانگی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨، هەژاری و نەهامەتی و ستەم و نابەرابەری و هەڵاواردنێک بوو کە جەماوەری ئێرانی وەگیان هێناوە. ئەو کێشە و گرفت و ناتەباییانەی کە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ١٤٠١ی پێکهێنا، ئەو بۆشاییە قووڵەی کە لە نێوان ڕژیمی ئیسلامی و زۆرینەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ژنان و نەسلی لاودا پێکهاتووە، لەماوەی ئەم سێ ساڵەدا نەک هەر کەم نەبووەتەوە بەڵکوو زیاتریش پەرەی ئەستاندووە. زۆرینەی خەڵکی ئێران لەگەڵ هەژاری و گرانی، بێ ئاوی و بێ بەرقی و ژیانی ژێر هێڵی هەژاری دەست و پەنجە نەرم دەکەن. بەڵام ڕژیمی ئیسلامی، بە قسەی خودی سەرۆک کۆمارە بێ دەسەڵاتەکەی، هیچ وڵامێکی بۆ داخوازییەکانی خەڵک نییە.



هەربۆیە دیسانیش ڕووی کردووەتە پەرەپێدانی سەرکوتگەری و ئێعدام و زیندان و داگیرساندنی شەڕی کۆنەپەرسانە لەگەڵ دەوڵەتانی ئیسرائیل و ئەمریکا، واتە دەوڵەتانی دژەخەڵکی هاوشێوەی خۆی، بەو ئومێدە پووچەی بۆ ماوەیەکی تر تەمەنی دەسەڵاتە دەرماندەکەی درێژ بکاتەوە.

لە بارودۆخێکدا لە ساڵیادی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی خەرمانانی ١٤٠١ و کوژرانی ژینا ئەمینی نزیک دەبینەوە کە کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەموو کاتێک لە قەیرانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا گرفتارە. ناڕەزایەتی و بێزاریی خەڵک لەم بارودۆخە زیاتر بووە و ناکارامەیی بەردەوام کۆماری ئیسلامی ئیفلیج و زەمینگیر کردووە. لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەدا شایەدی گەشەی مانگرتنی کرێکاری و ناڕەزایەتیی جەماوەری لە دژی بارودۆخی سەختی ژیان، لەدژی گرانی و هەژاری بووین. ئەم خەباتە شکۆدارە بەهۆی شەڕی دوازدەی ڕۆژەی نێوان دەوڵەتە تیرۆریستەکانی ئێران بەرامبەر بە ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پەراوێزخرا. هەروەها ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی بارودۆخی شەڕی وەک دەرفەتێک بۆ سەرکوتی وەحشیانەی زیاتر و ترساندنی کۆمەڵگا بە ئیدیعای بێ بنەمای "هاوکاری و

جاسووسی بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا" لەدژی خەڵک و ڕێزەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانە بەکار هێنا. دەستبەسەرکردنی بەرینی تێکۆشەران و نەیاران بەم بیانووە بێبنەمایە و پەرەپێدانی ئیعدام و گرتن و زیندان و ئەشکەنجە زیاتر لە ڕابردوو لە دەستووری کاری کۆماری ئیسلامیدایە. بەڵام ڕژیم و سەرانی جنایەتکاری باش دەزانن کە لێکدانەوەکانیان هەڵەیە. لەگەڵ کەمبوونەوەی مەترسیی شەڕی کۆنەپەرستانە، بۆ جارێکی تر بەرنگاربوونەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر لەدژی کۆماری ئیسلامی دووبارە گەشەی کردووە. بۆ جارێکی تر ئیعترازاتی سازماندراو لەدژی بێ ئاوی و بێ بەرقی و لەدژی گرانی و برسیەتی و سەرکوتگەری، بۆ دابین کردنی بژێو و پێداویستییەکانی ژیان و کەرامەتی ئینسانی و وەدیهێنانی ئازادیی سیاسی سەریڵهەڵداوەتەوە و بەردەوام پەرەدەستێنێت. ئاخێزی شۆڕشگێڕانە لەئاسۆدایە مەگەر ئەوەیکە دووبارە شەڕی دەوڵەتە تیرۆریستەکان ببێتەوە بەربەست.

کۆماری ئیسلامی کە لە قەیرانی قووڵی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی چارەهەڵنەگردا گرفتارە بۆ درێژەی دەسەڵاتە نگریسەکەی ئەگەر لە بەرامبەر ئەمریکا و ئیسرائیلیشدا نەرمکێشی و سازش بکات، لە بەرامبەر جەماوەری ناڕازیدا کۆتا نایە. ڕژیمی بێتوانا لە دابین کردنی نان، ئاو و بەرق و مەعیشەت، درێژەدەری سەرکوت و ئێعدام و زیندان، دەبێ بڕووخێت و تەمەنی نەکبەتباری کۆتایی بێت. ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی سەرچاوەی هەژاری، فەلاکەت و چەوسانەوە، ڕژیمی دژەژن و دژەئینسان لە گرەوی هاتنە مەیدانی چینی کرێکاری ڕێکخراو لەئاستی سەرتاسەری و لە گرەوی پەرەسەندنی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و جەماوەریی توێژە ستەملێکراوەکانی کۆمەڵگادایە

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لەساڵیادی کوشتنی ژینا ئەمینی (مەهسا)دا، لەسەر دەستکەوتەکانی ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕ و ئاڵوگۆڕخوڵقێنە و لەسەر بەهێزکردنیان تەئکید دەکات. داوا لە ئازادیخوازان و یەکسانیخوازان، بزووتنەوەی کرێکاری و هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ڕادیکاڵەکان و ڕیزی بەرینی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان دەکەین کە ساڵیادی کوژرانی ژینای ئازیز بکەینە ڕۆژی ڕێزلێنان لە هەموو گیانبەختکردووانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و درێژەدانی حەرەکەتە ئیعترازییەکان. یاد و بیرەوەرییان ڕێز لێبگرین. پێویستە هەنگاو بە هەنگاو سەنگەرە تازەکان بەدەست بێنین. کۆمەڵگا بەرەو ڕزگاری لە دەسەڵاتی سەرمایەداری ئیسلامی هیدایەت بکەین. ساڵڕۆژی کوشتنی ژینا ئەمینی بکەینە ڕۆژی پەرەپێدانی نارەزایەتیی ڕێکخراو لەدژی بێ ئاوی و بێ نانی و بێ بەرقی، لەدژی ئێعدام و سەرکوتگەری، بۆ دابین کردنی بژێو و ئازادیی زیندانیانی سیاسی و بەهێز کردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی نگریسی کۆماری ئیسلامی.

**بەرز و بەڕێز بێت یادی ژینا ئەمینی و هەموو گیانبەختکردووانی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی خەرمانانی ۱٤۰۱**

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**

۱۱ی خەرمانانی ۱٤۰٤ی هەتاوی

۲ی سێپتامبری ۲۰۲۵ی زایینی

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کاریگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلییەت

❊ ❊ ❊

## کۆبوونەوەی ڕێکخراوی هاوکاری شانگهای و هیوای بێبنەمای کۆماری ئیسلامی

چین ئەمساڵ گەورەترین کۆبوونەوەی ساڵوەگەری دامەزراندنی "ڕێکخراوی هاوکاری شانگهای" لە کاتی دامەزرانی ئەم ڕێکخراوەوە لە ڕۆژانی یەکشەممە و دووشەممە ۹ و ۱۰ی مانگی خەرمانان لە تیانجین بەڕێوەبرد. لەم کۆبوونەوەیەدا گوتێرێش بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێبەرانی زیاتر لە ۲۰ وڵاتی جیهان لەوانە ڤلادیمیر پوتین لەگەڵ شاندێکی گەورە لە بەرپرسانی ڕووسیە و نارندرا مودی، سەرۆک وەزیرانی هێند بەشدارییان کرد. کۆماری ئیسلامیش کە ساڵی ۱٤۰۰ بوو بە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە، مەسعوود پزشکیانی بۆ بەشداریکردن لەم کۆبوونەوەیە ڕەوانەی چین کرد. لە درێژەی کۆبوونەوەی ئەمساڵی "ڕێکخراوی هاوکاری شانگهای"دا، قەرارە ڕۆژی چوارشەممە ۱۲ی مانگی خەرمانان بەرابەر بە ۳ی سێپتامبر بە بیانووی سەرکەوتنی شەڕی جیهانی دووهەم، چین نمایشێکی گەورەی نیزامی لە پێکەن بەڕێوەببات و تێیدا پێشکەوتووترین چەک و کەرەستەی تەکنیکی و ئەلکترۆنیکی وەک توانای نیزامی خۆی بەرامبەر بە ئەمریکا و ناتۆ نیشان بدات. قەرارە پوتین، کە سێ ساڵە لە ئۆکراین بەرامبەر بە ناتۆ لە شەڕێکی تەواو عەیاردایە، کیم جونگ ئون ڕێبەری کۆریای باکوور و پزشکیان بۆ تەماشاکردنی ئەم نمایشە نیزامییە بەشداری بکەن. بەمجۆرە، چین لەم دەرفەتەدا دەیهەوێ لەڕێگەی "ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای"شەوە، وەک بەرەیەکی سیاسی و نیزامی سەرمایەداری، مۆری تەئکیدی دووبارە لە مەوجوودییەتی جیهانی چەند جەمسەری بدات.

حزووری هیندووستان وەک هێزێکی گەورەی ئابووریی ئاسیا لەم کۆبوونەوەیەدا سەرەڕای ناکۆکی و تەنانەت تێکهەڵچوونی نیزامی چەند ساڵ لەمەوبەری نێوان هێند و چینیش، جێگای سەرنجە. قسەوباسی شی جین پینگ سەرۆک کۆماری چین سەبارەت بەوەیکە "هێند شەریکی ئابووریی چینە نەک ڕەقیب"، نیشانەی ئەوەیە کە ئەم کۆبوونەوەیە بۆ چین لە ڕەقابەت و کێشمەکێشی نێوان جەمسەرەکانی سەرمایەداری لەئاستی جیهانیدا، لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە چەندە



گرینگە. سەپاندنی تەعرەفەی ٥۰٪ی ترامپ بەسەر هەناردنەی هێند بەهۆی کڕینی نەوت لە ڕووسیە، هاوشێوەی چین، فشارێکی زۆری خستووەتە سەر ئابووریی ئەم وڵاتە

لە وەها بارودۆخێکدا حاکمانی داماوی کۆماری ئیسلامی چاوی هیوایان لە کۆبوونەوەی شانگهای بەڕیوە تا بەڵکوو دەرەتانێک بێ بۆ دەربازبوونیان. بەتایبەت ئەوەیکە لە ئێستادا، بارودۆخی ئابووری حکوومەتی ئیسلامی بە دوای کردەوەی سێ دەوڵەتی ئورووپایی ئەندامی ڕێککەوتنی بەرجام لە بەکارهێنانی "مێکانیسمی ماشە" و گەڕاندنەوەی هەموو گەمارۆ هەڵوەشاوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکجار خراپتر لە ڕابردوو بووە. لەم پەیوەندییەدا عەلی خامنەیی ڕۆژی یەکشەممە ۹ی مانگی خەرمانان هاوکات لەگەڵ دەستپێکی ئەم کۆبوونەوەیە، خوازیاری بەکردەوە دەرهێنانی هەموو بوارەکانی ڕێککەوتی ۲۵ ساڵەی ڕژیم لەگەڵ چین بوو و بە تاریف و پێهەڵکوتن بە مێژووی کۆنی چین و ئێران لە دوو بەری ئاسیا وتی: "ئەم دوو وڵاتە هێزێکی ئاڵوگۆڕخوڵقێنیان لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا هەیە". مەسعوود پزیشکیانیش بە چاولێکەری لە خامنەیی، کۆبوونەوەی شانگهای بە دەرفەتێکی مێژوویی ناوبرد و وتی: "حزووری ئێران لەم کۆبوونەوەیەدا هەوڵێکە لە بەرامبەر تاکلایەنی و پاوانخوازیی بلۆکەکانی ڕۆژاوا"

بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەم دواییە و شەڕی ئیسرائیل و ئەمریکا لە دژی کۆماری ئیسلامی نیشانی دا کە چین ئامادە نییە پشتیوانی کردەوەیی لە کۆماری ئیسلامی لە دژی ئەوان بکات. چونکە بەرژەوەندی ستراتێژیک و قازانجی ئابووریی چین وەک جەمسەرێکی سەرمایەداری، لە پشتیوانی کردنی لە کۆماری ئیسلامیی داڕماو، گرینگترە. لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا و لە جەریانی دەورلێدانەوەی گەمارۆکانیشدا کە چین لەڕێگەی کڕینی نەوتی قاچاغ و هەڕاجی کۆماری ئیسلامی ملیاردها دۆلار سوودی کردووە، حازر نەبووە لە بەرامبەر ئەمریکا و هاوپەیمانانیدا لە کۆماری ئیسلامی دیفاع بکات. ئەوە لە کاتێکدایە کە چین تەنانەت لە ئاستی ناوچەییدا بۆ نموونە لە ناکۆکییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی

و ئیمارات لەسەر جەزیرەکانی کەنداو، بەخاتری بەرژەوەندی ئابووریی خۆی، لەدژی کۆماری ئیسلامی و لە پشتیوانی لە ئیمارات هەڵوێستی گرتووە. لە جەریانی شەڕی ئیسرائیل و ئێرانیشدا چین بەرژەوەندی سیاسی و ئابووریی خۆی لەبەرچاو بوو و بێجگەلە پشتیوانی لەفزی لە کۆماری ئیسلامی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و شۆرای ئەمنیەت، کارێکی لە دژی ئیسرائیل ئەنجام نەدا. لەم پەیوەندییەدا چین تەنانەت ڕاپۆرتی گۆڤاری "میدڵ ئیست" سەبارەت پێدانی سیستمی بەرگری بە کۆماری ئیسلامی دەستبەجێ و بەتوندی ڕەت کردەوە کە تووڕەیی و ڕەخنەی میدیاکانی کۆماری ئیسلامیشی لێکەوتەوە

لە کاتێکدا کە چین هەروا خوازیاری کڕینی نەوتی هەرزان لە ڕژیمی ئیسلامییە و کۆماری ئیسلامیش لە بارودۆخێکی قەیراناوی و لە گەمارۆی توندی ئابووریدایە، ڕێگایەکی بێجگەلە نزیکبوونەوە و ئیمتیازدان بە چین بۆ دەستڕاگەیشتنی بە پارە نییە. هەڵبەت ئەگەر چین لەلایەن ئەمریکا و دەسەڵاتەکانی ڕۆژاوا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بخرێتە ژێر فشارەوە، دەتوانێ چیتر نەوت لە کۆماری ئیسلامیش نەکڕێت و حازر نەبێت بەرژەوەند و قازانجی ستراتێژیک و پەیوەندی بەرینی ئابووریی خۆی لەگەڵ ئەمریکا، ئورووپا و هاوپەیمانانی ناوچەییان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەئاستی جیهان، بەخاتری پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامی بخاتە مەترسییەوە

پەرەسەندنی قەیرانی ئابووریی حکوومەتی ئیسلامی لەماوەی حەفتەی ڕابردوو بەدوای ڕاگەیاندنی دەستپێکی ڕەوتی چالاک کردنی مێکانیسمی ماشە لەلایەن سێ دەوڵەتی ئورووپایی ئەندامی بەرجام، بووەتە هۆی ئەوەیکە نرخی دۆلار لە بازاڕدا بەخێرایی بچێتە سەرێ و ڕۆژی دووشەممە ١٠ی مانگی خەرمانان، گەیێشتە سەرووی ١٠٦ هەزار تمەن. ڕێژەی تەوەرومی ڕەسمی گەیشتە ٦٠٪ و پێداویستییەکانی خەڵک گرانتر بوون. وەها هەلومەرجێک هیوای خامنەیی و ڕێبەرانی دیکەی کۆماری ئیسلامی بۆ باشترکردنی بارودۆخی ئابووری لەڕێگەی بەقسەی خۆیان "عەمەلیاتی کردنی هەموو بوارەکانی ڕێککەوتنی ٢٥ ساڵە لەگەڵ چین" دەکاتە خەیاڵێکی خاو و دەیکاتە هیوایەکی پووچ و بێبنەما. هەڵبەت جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران لەو وەهم و خۆشباوەڕییەدا نین کە کۆماری ئیسلامی لەڕێگای دەورلێدانەوەی گەمارۆکانەوە، تەنانەت بە لابردنی گەمارۆکانیش، بتوانێ لە قەیرانی ئابووری نەجاتی بێت. ئەوان دوای وەستانی کورتی ڕەوتی ڕوو لە گەشەی خەباتیان، دووبارە هاتوونەتەوە مەیدان و لەماوەی ڕۆژانی ڕابردووشدا بە مانگرتن و ناڕەزایەتییەکانی خۆیان بۆ بەدواداچوون و وەدیهێنانی داخوازییەکانیان، مۆری تەئیدیان لەم واقعییەتە داوە.

***

## کۆماری ئیسلامی لەژێر فشاری ڕەوتی چالاک کردنی مێکانیسمی ماشەدا

دوای وتەکانی عەلی خامنەیی لە ڕۆژی یەکشەممە دووی مانگی خەرمانان کە ڕاشکاوانە ڕایگەیاند: "کێشەکانی کۆماری ئیسلامی بە ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژاوا چارەسەر ناکرێت"، دوایین کۆبوونەوە سەبارەت بە پرسی ئەتۆمی لە نێوان کۆماری ئیسلامی و سێ دەوڵەتی ئورووپایی ئەندامی بەرجام لە ڕۆژی سێشەممە چواری مانگی خەرمانانی ١٤٠٤ لە ژنێڤ بە بێ هیچ ئاکامێک کۆتایی هات. لە وەها بارودۆخێکدا سێ دەوڵەتی ترۆئیکای بەرجام (ئاڵمان، فەڕانسە و بریتانیا)، دوای چەند مانگ هۆشداردان بە کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە مەسەلەی ئەتۆمی، ڕۆژی پێنجشەممە شەشی مانگی خەرمانان لەڕێگەی نامەیەکەوە بۆ شۆرای ئەمنیەتی ڕێکخراوی



نەتەوە یەکگرتووەکان، بە کەڵک وەرگرتن لە ئیختیارتی بەرجامی خۆیان، بەڕەسمی پڕۆسەی ٣٠ ڕۆژەی "چالاک کردنی مێکانیسمی ماشە"یان دەستپێکرد و خوازیاری گەڕاندنەوەی هەموو گەمارۆ هەڵوەشاوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدژی کۆماری ئیسلامی بوون. ئەم دەوڵەتانە لە نامەکەیاندا ڕایانگەیاندووە کە لە هەموو ئامرازێک لەوانە مێکانیسمی ماشە بۆ ڕێگری لە دەستڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ئەتۆمی کەڵک وەردەگرن. ئەمریکا وێڕای ستایشی ئەم هەنگاوەی ئورووپا، ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاریی لەگەڵ ئەوان لەم پەیوەندییەدا ڕاگەیاند. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سێ دەوڵەتە ڕێگای سازان لەگەڵ کۆماری ئیسلامییان هێشتووەتەوە و ڕایانگەیاندووە لە ماوی سی ڕۆژی داهاتووشدا پابەند بە ڕێگاچارەی دیپلۆماتیک دەبن.

ئەم سێ دەوڵەتە هەتا ڕێکەوتی دەی مانگی خەرمانان کاتیان بە کۆماری ئیسلامی داوە تا هاوکاریی تەواوی خۆی لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی و گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا دەستپێبکاتەوە. پێویستە بوترێ کە ئیعتباری ڕێککەوتنی بەرجام لە ناوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبری ئەمساڵدا کۆتایی دێت. لەم ڕووەوە ئەم دەوڵەتانە هەوڵ دەدەن لە ئەگەری قبووڵ نەکرانی مەرجەکانیان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، بەر لەو کاتە دیاریکراوە مێکانیسمی ماشە چالاک بکەن. لەم پەیوەندییەدا تەنانەت ڕووسیە و چینیش لە شۆرای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کارێکیان بۆ کۆماری ئیسلامی لەدەست نایە

بەلەبەرچاوگرتنی شکستی "ستراتێژی شەڕی پێشگیرانە"ی ڕژیم و ڕەوتی لێکبڵاوبوونی هێزەکانی "میحوەری موقاومەت" لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوو و ئیفلاسی ئابووری و قەیرانی ئاو، بەرق، سووتەمەنی، ژینگە و باقی قەیرانە سیاسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، لەئێستادا کۆماری ئیسلامی کەوتووەتە پێگەیەکی یەکجار لاواز و دژوارەوە. وەها بارودۆخێک بووەتە هۆی ئەوەیکە خواستی ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی ئورووپایی لایەنی بەرجام، لە گفتوگۆ سەبارەت بە مەسەلەی ئەتۆمی تێپەڕێت و بواری مووشەکی، دەستتێوەردانی ناوچەیی و پاشماوەکانی میحوەری موقاومەتی ڕژیمیش بێننە سەر مێزی گفتوگۆ. لە ئاوا هەلومەرجێکدا حکوومەتی ئیسلامی مەجبوور دەبێت لەم بوارانەشدا "نەرمشی قارەمانانە" بگرێتە بەر

لەم دواییەدا دەوڵەتانی ئاڵمان، فەڕانسە و بریتانیا بە دەرکردنی بەیاننامەیەکی هاوبەش، وێڕای ئاماژە بە پابەندنەبوونی ئاشکرا و بەئانقەستی کۆماری ئیسلامی بە بڕگەکانی ڕێککەوتنی بەرجام و ئاماژە بە بوونی ناوەندی ئەتۆمی لە دەرەوەی بازنەی چاوەدێری و کۆنترۆڵی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی، ڕایانگەیاندووە کە هیچ پاساوێکی غەیرەنیزامی بۆ بەرهەمهێنان و ڕاگرتنی ئەم قەبارەیە لە ئۆرانیۆمی پیتێندراوی ٦٠٪ بوونی نییە. دەوڵەتانی ئورووپایی پێدەچێت لەوە گەیشتبێتن کە هەڵسووکەوتی موعامەلەگەرانە و نەرمبوونیان لەگەڵ ڕژیم کاریگەر نەبووە. لەم ڕووەوە، کاراکردنی مێکانیسمی ماشەیان گرتووەتە بەر تا کۆماری ئیسلامی ناچار بە تەسلیم و سازش بکەن. ترامپیش دوای گەڕانەوەی بۆ دەسەڵات بە ئامانجی پێشخستنی سیاسەتی زۆرینەی فشار دژبە کۆماری ئیسلامی، لە مانگی ڕێبەندانی ١٤٠٣دا داوای لە وەزارەتی دەرەوەی خۆی کرد دەوڵەتانی ترۆئیکا بۆ چالاک کردنی مێکانیسمی ماشە لەدژی کۆماری ئیسلامی بخاتە ژێر فشارەوە.

بێگومان چالاک کردنی مێکانیسمی ماشە ئاسەواری ئابووری زیانباری بۆ کۆماری ئیسلامی بەدواوە دەبێت و دەبێتە هۆی پەراوێزخرانی زیاتری لە بواری دیپلۆماتیکەوە. تا ئاستێک کە کۆماری ئیسلامی مەشموولی بڕگەی ٧ی مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات و وەک دەوڵەتێک کە هەڕەشە لە

ئاشتی و ئاسایشی جیهان دەکات، دەستی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ ئەنجامدانی هێرشی نیزامی بۆسەر ئێران ئاواڵەتر دەکات. بەپێچەوانەی هەڕەشەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، کە باسیان لەوە دەکرد "وڵامی سەخت" بە دەوڵەتانی ئوروپایی دەدەنەوە، چەند سەعات دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، فەزای سیاسی و ئابووری لە ناوخۆی ئێراندا شڵەژا و نرخی دۆلار ڕێکۆردی بێوێنەی ١٠١ هەزار تمەنی لێدا. بێگومان لەگەڵ چالاک بوونی مێکانیسمی ماشە داراییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات دووبارە بلۆکە دەکرێت و هەرجۆرە موعامەلەیەکی دەوڵەتەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی قەدەغە دەکرێت.

گەمارۆ ئابوورییەکان هەتا ئێستاش ژیان و گوزەرانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشیان زیاتر خستووەتە ژێر فشارەوە و بوونەتە هۆی پەرەسەندنی بێکاری، گرانی و بەتاڵبوونی زیاتری سفرەکانیان. بەڵام کردەوەی ئەم دواییەی ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی ڕۆژاوا جیا لە پەرەپێدانی قەیران و ئیسفلاسی ئابووری، بووەتە هۆی قووڵبوونەوەی بۆشایی و ناکۆکی لە ناو بەرپرسان و باڵەکانی حکوومەتی ئیسلامیدا. بەڵام بێگومان، ئەوەیکە ڕێبەریی سپای پاسداران و خامنەیی و مەقاماتی دیکەی ڕژیمی تۆقاندووە، پەرەسەندنی ناڕەزایەتی زیاتری کرێکاران و خەڵکی بێبەشی کۆمەڵگایە بەخاتری ئەو بارودۆخە فەلاکەتبارەی کە کۆماری ئیسلامی بەسەریانیدا سەپاندووە. نە ئاویان هەیە و نە بەرق، نە کاریان هەیە و نە ئەمنیەت و نە نانێکیان لەسەر سفرە ماوە. ئەوان چیتر ئەم بارودۆخەیان بۆ تەحەمول ناکرێت. لەم ڕووەوە، دەزگا ئەمنیەتیەکانی ڕژیمی ئیسلامی بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی لەئاستی کاریگەرییەکانی گەمارۆکان و مێکانیسمی ماشە لەسەر ژیانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، بە شەڕی ڕەوانی و بە تەبلیغاتی دوژمن و میدیاکان ناوی دەبەن و هەڕەشە لەو کەسانە دەکەن کە لەم بارەوە ڕۆشنگەری دەکەن. هەر لەو ماوەیەدا دەزگای قەزایی ڕژیم دەرکردنی حوکمی قورس بۆ چالاکانی مەدەنی و سیاسی، جێبەجێ کردنی ئەحکامی سیاسی ئێعدامی پەرەپێداوە و تەنانەت بۆ ژمارەیەک لە مۆرە پلە بەرزەکانی خۆشی بە بیانووی جۆراوجۆرەوە پەروەندەی درووست کردووە.

وەها بارودۆخێکی زەلیلانە بۆ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، دەرفەتی تازە بۆ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لەوانە بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، بزووتنەوەی خوێندکاری و بزووتنەوەی نا بۆ ئێعدام پێکدێنێت. تا بە پەرەپێدانی مانگرتن و ناڕەزایەتی و ڕێکخستی ڕیزەکانی خۆیان لە ئاستی جەماوەریدا و بە شکڵدان بە ڕێبەرییەکی سەرتاسەری لەڕێگەی پەیوەندیی چالاکان و ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوانە، پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی ئامادە بکەن و بەرەنگاری مەترسییەکانی داهاتوو بنەوە

❊❊❊

# پەرەسەندنی قەیرانی بواری پەروەردە لە سەروبەندی ساڵی نوێی خوێندندا

قەیرانی ئابووری و ئیفلاسی حکوومەتی ئیسلامی، مەدرەسەکان، زانکۆکان و ناوەندەکانی دیکەی پەروەردەشی گرتووەتەوە. هاتنە خواری ڕێژەی بەرچاوی بوودجەی ئەم ناوەندانە لەلایەن ڕژیمەوە، زۆرێک لە بەرنامەکانی پەروەردە و دابینکردنی ئیمکاناتی پەروەردەیی ڕاگرتووە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئەم بوارە گرینگە کۆمەڵایەتییە، واتە پەروەردە و بارهێنانی زیاتر لە ڕابردوو کاڵایی و چینایەتی کردووەتەوە. لە ئاکامدا زۆرێک لە بنەماڵە کرێکارییەکان و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگا توانای دابینکردنی خەرجی یەکجار زۆری خوێندنی منداڵەکانیان لەدەست داوە. ڕۆژی پێنجشەممە ١٣ی خەرمانان عەلیڕەزا کازمی وەزیری پەروەردە و بارهێنانی کابینەی پزیشکیان مودەعی بوو کە: "بەپێی مەدارک و بەڵگەی ڕەسمی وەزارەتی پەروەردە، ژمارەی منداڵانی بەجێماو لە خوێندن لە ئێران گەیشتووەتە ٩٥٠ هەزار کەس و تەنیا ٣٪یان بەهۆی بارودۆخی نالەباری پەروەردەییەوە نەیانتوانیوە درێژە بە خوێندن بدەن". لە هەواڵێکی هاوشێوەدا، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردە و بارهێنانی پارێزگای قەزوینیش دانی بەوە دانا کە ئەمساڵ زیاتر لە ٥ هەزار و ٥٠٠ خوێندکاری ئەم پارێزگایە لە قۆناغی سەرەتایی و مامناوەندیدا دەستیان لە خوێندن هەڵگرتووە

وەزیری پەروەردە و بارهێنانی ڕژیم، بێشەرمانە دەست لە خوێندن هەڵگرتنی خوێندکارانی بەهۆی هەژاری بنەماڵەکانیانەوە، ڕەت کردەوە. هەڵبەت ئەولەوییەتی کاری وەزیری کۆنەپەرستی پەروەردەی ڕژیمی ئیسلامی دابین کردنی ئیمکاناتی پێویست بۆ گەڕاندنەوەی ئەم منداڵانە بۆ مەدرەسە و خوێندن نییە. بەڵکوو هەروەک خۆی لە قسەکانیدا تەئکیدی لەسەر کرد "بەڕێوەبردنی بەرنامەی مەعرەفەتی بۆ نموونە پەرەپێدان بە نوێژ کردن و قورئان خوێندنەوە، بەشێک لە ئەولەوییەتەکانی ئەم وەزارەتخانەیە". ڕاگەیاندنی ئەم ئامارە ساختەیە سەبارەت منداڵانی بەجێماو لە خوێندن لەلایەن وەزارەتی پەروردەوە لە کاتێکدایە کە بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیسی ڕژیم، لە ساڵی ١٤٠٢دا، لەسەد ١٥ لە جەمعیەتی منداڵان لە ئێران منداڵانی کار بوون کە ١٠٪یان بەهۆی هەژارییەوە ئیمکانی درێژەدان بە خوێندنیان نەبووە. هەروەها لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە: "ئەم ئامارە بەهۆی هەژاریی بنەماڵەکانەوە لە حاڵی پەرەسەندندایە". بەم ئیعتبارە، لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا کە قەیرانی ئابووریی ڕژیم بەرینتر و قووڵتر بووەتەوە و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە ئیعترافی پزشکیان، تەنانەت توانای پێدانی حقووقی کارمەندانی خۆی نییە، ئاماری منداڵانی کار و منداڵانی بەجێماو لە خوێندن چەندین بەرابەر زیاتر لە ئاماری جەنابی وەزیرە. لە ساڵی ١٤٠٣دا ناوەندە غەیرە ڕەسمییەکانی ئامار، ژمارەی منداڵانی کار لە ئێرانیان زیاتر لە ٧ ملیۆن کەس ڕاگەیاند

بەڵام ئەوە تەنیا خوێندکارانی مەدرەسەکان نین کە بەهۆی نەبوونی ئیمکانی ماڵییەوە ناتوانن درێژە بە خوێندن بدەن، بەڵکوو لە ئاستی زانکۆکانیشدا خوێندکارانی بەشە جۆراوجۆرەکان بەهۆی چەند بەرابەر بوونی کرێی زانکۆکان و ناوەندەکانی پەروەردە لەژێر فشارێکی زۆردان. کۆماری ئیسلامی سەرمایە بەهۆی وەرشکستەیی و ئیفلاسی ئابووری، لە بەشی دەوڵەتی و خسووسیدا، خوێندنیشی کاڵایی کردووە و کرێی زانکۆکانی چەند بەرابەر کردووە و درێژەدانی خوێندنی بۆ خوێندکاران دژوارتر کردووەتەوە. ڕۆژی پێنجشەممە ١٣ی مانگی خەرمانان لە درێژەی ڕەوتی چوونەسەری بەرچاوی کرێی زانکۆکان، شەهریەی خوێندکارانی پزیشکی زانکۆی بەهەشتی لەچاو ساڵی ڕابردوو چوار بەرابەر زیادی کرد و گەیشتە ١٤٥ تا ١٧٠ ملیۆن تمەن. لەم ڕاستایەدا، ڕۆژی ٨ی مانگی خەرمانان هێندێک لە میدیاکان لەسەر زاری خوێندکارانی زانکۆی ئازاد ڕایانگەیاند کە شەهریەی سابتی هێندێک لە ڕشتەکانی زانکۆی ئازاد تا پێنج بەرابەر زیاد کراوە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە لە مانگی سەرماوەزی ساڵی ڕابردوودا وەزیری علوومی ڕژیم، چوونەسەری کرێی زانکۆی ئازاد لە ٣٠ ملیۆن تمەنەوە بۆ ١٠٠ ملیۆن تمەنی بە شۆکی ئابووری بۆ بنەماڵەکان ناو بردبوو.

بەرزبوونەوەی بەرچاوی کرێی خوێندنی زانکۆکان ناڕەزایەتی خوێندکارانی لێکەوتووەتەوە. بە گوتەی خوێندکاران، "فەزای ڕۆشنبیری کۆمەڵگە وێران بووە و زانکۆکان بوونەتە دامەزراوەی ئابووری کە تێیدا خوێندن وەک کاڵایەک دەفرۆشرێت. زانکۆ بووەتە شوێنی منداڵە دەوڵەتمەندەکان و زۆرێک لە ئاغازادەکان لە زانکۆکاندا دەخوێنن". هاوکات لەگەڵ زیادکردنی تەعرەفەی حکوومەت، خوێندنگا تەکنیکی و پیشەییەکانیش لە لێواری داخستندان. هەروەها لە سۆشیال میدیادا چەندین بانگەواز بۆ بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لە تاران و شارەکانی دیکە لە ڕۆژی یەکشەممە ٦ی خەرمانان لە ژێر دروشمی "نا بۆ تەعرەفە ئاموزشییەکان" بڵاوکراوەتەوە

کەمکردنەوە و نەبوونی تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ دامەزراوە پەروەردەییەکان لەلایەن ڕژیمەوە لە کاتێکدایە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتەکەیان، بودجەی بەرینی بوارەکانی جەهل و خورافەی ئایینی و ناوەندەکانی سەرکوتی ئەمنی و نیزامییان چەند سەد لەسەد زیاد کردووە. تا هەر جۆرە ناڕەزایەتییەک لە بەرامبەر هەژاری و نەهامەتی و دزیی ڕێبەران و کارگێڕانی ڕژیم سەرکوت بکەن. بەڵام ئەحکامی دەرکراو لەدژی خوێندکاران و مامۆستایانی تێکۆشەر لەلایەن دەزگای تاوانکاری قەزایی، ئەگەر زیندانەکانی ڕژیمی پڕ کردووە لە ئینسانی تێکۆشەر، بەڵام لە بەرامبەردا ئەم ئینسانە خەباتکارانە تەنانەت زیندانەکانیشیان کردووەتە مەیدانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ڕژیمی گەندەڵی ئیسلامی و هەر ئەم بابەتەش عیزەت و ئیحترامی کۆمەڵایەتی زیندانیان و نەفرەت و بێزاریی لە حکوومەتی ئیسلامی زیاتر کردووە. ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی خەرمانان ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان لە بەرامبەر دادگای ناوەندی کەرەج کۆبوونەوە تا ئۆستاد مەسعوود فەرهیختە لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری ناوەندی پیشەیی مامۆستایان کە بە تۆمەتی بێبنمای " کۆبوونەوە و تەبانی لەدژی ئەمنیەتی ناوخۆیی و چالاکی تەبلیغی دژبە نیزام"، لەلایەن بێدادگای ڕژیمەوە بە چوار ساڵ زیندانی مەحکووم کراوە، بە عیززەت و سەرئەفرازییەوە بەڕێ بکەن.

بەڵام بێگومان، سەرەڕای سەرکوتی ڕژیمی داماوی کۆماری ئیسلامی، بزووتنەوەی خوێندکاری و بزووتنەوەی مامۆستایانیش هەروەک بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە هەتا وەدیهێنانی داخوازییەکانیان لە خەبات و ئیعتراز بەردەوام دەبن و فەزای سەرکوت و هەڕەشە و زیندان چاوترسێنیان ناکات.

❊❊❊

## قسەکانی خامنەیی نیشانەی ئەوپەڕی شپرزەیی حکوومەتی ئیسلامی

ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی مانگی خەرمانان عەلی خامنەیی لە دیدار لەگەڵ هەیئەتی دەوڵەتی پزشکیان، وێڕای پێهەڵکوتن و تاریف کردن لە سەرۆک کۆمار و „دەستکەوتەکانی سەفەری ئەم دواییەی بۆ چین“، باسی لە کێشە و گرفتەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی کرد. سەبارەت بە دەست پێوەگرتنی بەرپرسان بە خەرجی سەفەر و مانەوەیان لە هۆتێلی گران قیمەت، سەبارەت بە هۆکاری قەیرانی ئابووری یان بە قەولی ئەو „کەمبوونی دەخڵ“، سەبارەت بە پەراوێزکەوتنی دەوڵەتی ئیسرائیل و پێشنیار بە دەوڵەتانی ئیسلامی بۆ پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی „خەبیسی“ ئیسرائیل، سەبارەت بە نیگەرانی لە ناڕەزایەتی خەڵک دژبە هەژاری و گرانی و دژبە نەبوونی ئاو و بەرق و مەسکەن و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان دیکە قسەی کرد. خامنەیی وتی: „لە بواری گوزەرانی خەڵکدا بە جۆرێک کار بکەن کە خەڵک بتوانن نزیک بە ١٠ کاڵای ئەساسی بە بێ نیگەرانی لە چوونەسەری نرخ دابین بکەن. نەک ئەوەیکە نرخی ئەوڕۆ، سبەینێ دوو بەرابەر بێت.“

خامنەیی لە بەشێکی تر لە قسەکانیدا وێڕای ئاماژەی ناڕاستەوخۆ بە نیگەرانی خەڵک سەبارەت بە داگیرسانی شەڕی ئیسرائیل و چالاک کردنی مێکانیسمی ماشە لەلایەن سێ دەوڵەتی ئورووپایی و گەڕانەوەی گەمارۆ هەڵگیراوەکان، کە بووەتە شۆکێکی گەورە لە بازاڕەکانی ئێراندا، وتی: „نابێ خەڵک نیگەرانی چوونەسەری نرخی کاڵاکان بن. دەبێ فەزای کار و هەوڵدان و هیوا بەسەر فەزای نە شەڕ، نە ئاشتیدا زاڵ بێت. دوژمن هەوڵ دەدات فەزای نە شەڕ، نە ئاشتی بەسەر ئێراندا زاڵ بکات. بەڵام ئەم حاڵەتە بۆ وڵات، فەزایەکی باش نییە و زەرەر و مەترسی هەیە“. ئەوەش لە کاتێکدایە کە خۆی لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا لەژێرناوی „نە شەڕ دەبێت و نە گفتوگۆ دەکەین“، لە درێژەدانی ئەم فەزایە دیفاعی دەکرد. خامنەیی هەروەها باسی لە بوونی یەکدەنگی لە سیاسەتەکانی حکوومەتدا کرد. ئەوەش لە کاتێکدایە کە هەڵوێستی سەرکردە و بەرپرسانی حکوومەتی ئیسلامی لەم ماوەیەدا سەبارەت بە پرسە سیاسییەکان، بە تایبەت سەبارەت بە سازان و تەسلیمبوون لە دانوستانە ئەتۆمییەکان لەگەڵ ئەمریکا و زلهێزەکانی ئورووپا، نە جێگیر بووە و نە یەکدەنگ. هەرکامیان هەڵوێست و بۆچوونی ئەمڕۆیان لەگەڵ دوێنێ جیاوازە. بەڵام، خامنەیی لە پەیوەند لەگەڵ چەکدارانی حیزبوڵڵا و حەشدی شەعبی لە لوبنان و عێراق وەک پرسێکی گرینگ، کە لەم ڕۆژانەدا لەئارادایە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کۆماری ئیسلامییەوە هەیە، بێدەنگی گرتەبەر.

خامنەیی سەبارەت بە قەیرانی قووڵی ئابووریی حکوومەتی ئیسلامی هیچی نەووت. ئەوەش لە کاتێکیدایە کە ئەو و کاربەدەستانی باڵای ڕژیم بە سیاسەت و کردەوەیان ڕۆڵێکی سەرەکییان بووە لە پێکهێنانی فەزای شەڕ و پەرەپێدانی قەیرانی ئابووری. دەوڵەتی بێ ئیختیار و وەرشکستەی پزشکیان زۆر جار وتوویەتی کە „ تەنانەت پارەی بۆ حقووقی کارمەندان لە ئیختیاردا نییە“. لە وەها دۆخێکدا چۆن دەتوانێ زەمینە فەراهەم بکات، تا بەقسەی خۆی „فەزای کار و هەوڵ و هیوا“ بەسەر فەزای شەڕدا زاڵ بێت؟ خامنەیی خۆی دەزانێ کە چەقبەستوویی ئابووری، چوونەسەری ڕێژەی بێکاری، چوونەسەری ڕێژەی هەڵاوسان، هاتنە خواری بەهای پارەی ئێران، لاوازبوونی هێزی کڕینی خەڵک، هەر هەموویان نیشانەکانی قەیرانی ئابووری سەرمایەداریی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامییە و بە فەرمان و پێشنیار و ئیرادەی „ڕێبەر“ ناتوانن بیگۆڕن.

بەڵام نیگەرانی سەرەکی خامنەیی مەترسی گەشەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و پەرەسەندنی مانگرتن و ئیعترازاتی کرێکاری و جەماوەری زەحمەتکێشی کۆمەڵگا لەدژی کۆماری ئیسلامییە کە لەم ڕۆژانەدا تەنانەت لە ناو حکوومەتیشدا باسی لێدەکرێت. نیگەرانی لە مەترسی ڕووخانی حکوومەتی مەیەپوچی ئیسلامییە کە لە بەرامبەر قەیرانی گەورەی ناوخۆیی و دەرەکی و لە بەرامبەر داخوازیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت، داماو و بێتوانایە. هەر بۆیە، خامنەیی لە بەشێکی تر لە قسەکانیدا داوای لە بەرپرسان و کاربەدەستانی دەوڵەت کرد کە: „لە ڕەوایەتی لاوازی و بێتوانایی کۆماری ئیسلامی خۆبەدوور بگرن و باس لە دەسەڵات و هێز و ئیمکاناتی زۆری وڵات بکەن“.

هەڵبەت بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بەشە لە فەرمان و پێشنیاری خامنەیی و لەپێناوی ڕاگرتنی دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدا، هەموو دامودەزگای سەرکوت و ئەمنیەتی و نیزامی و ناوەندەکانی درۆ و خورافەی ڕژیم ئیسلامی دەست بە کار بوون. تا بە فریوکاری، پەروەندەسازی و بە دەرکردنی ئەحکامی قورسی ئێعدام و زیندان بۆ چالاکانی سیاسی، فەزای ترس و وەحشەت بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بکەن و ڕێگە نەدەن واقعییەتە کۆمەڵایەتییەکان باس بکەن. تا هەژاری و فەلاکەتی ژیانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ئەگەری داگیرسانی شەڕ و هێرشی نیزامی ئیسرائیل، کە ڕژیم بەکجار لێی نیگەرانە، باس نەکەن.

واتە ئەو پرسانەی کە حاشاهەڵنەگرن و خودی کاربەدەستانی ڕژێمیش مەجبوورن دانیان پێدابنێن. سەبارەت بە ئەگەری شەڕ، عەلی لاریجانی دەبیری شۆرای ئەمنیەتی میللی و ئەندامی مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام هەفتەی ڕابردوو ڕایگەیاند کە شەڕی نێوان ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی کۆتایی نەهاتووە و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دەبێ ئامادە بن. وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕژێمیش لە ڕێگەی نامەیەکی ڕەسمییەوە بۆ ناوەندە سەرەکییەکان و ژمارەیەک لە وەزارەتخانەکان هۆشداری داوە کە چالاک بوونی مێکانیسمی ماشە و پەرەسەندنی گەمارۆکان لێکەوتەی جیددی بۆ نیزام بەدواوەیە و دەبێتە هۆی ناڕەزایەتی گشتی و هەرەشە کۆمەڵایەتییەکان.

بارودۆخێکی وەها فەلاکەتبار بۆ حکوومەتی ئیسلامی نیشانەی ڕەوتی کۆتایی تەمەنی کۆماری ئیسلامییە کە خامنەیی و ڕێبەرانی دیکەی ڕژێمیش لێی ئاگادارن. ئەم ڕەوتە تەنیا بە گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، بە سەرتاسەری بوونەوەی مانگرتنە کرێکارییەکان و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان، بە ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوانە لە ئاستی جەماوەری و شکڵدان بە ڕێبەریی سەرتاسەری بە ئاسۆی شۆڕشگێڕانەوە لەڕێگەی پەیوەندیدانی چالاکان و ڕێبەرانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، دەتوانێ خێراتر بێتەوە و بە ئاکام بگات. ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی لەم مەسیرەوە تێدەپەڕێت.

***

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان بە بۆنەی سێهەمین ساڵیادی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا!

لە سەروبەندی سێهەمین ساڵیادی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا، بارودۆخی سیاسی ئێران و کوردستان بەخێرایی لە حاڵی ئاڵوگۆڕدایە. ئاگربەستی شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل لاوازە و ئەگەری ئەوە هەیە کە کۆماری ئیسلامی نەتوانێ لە بەرامبەر ئەو هەمووە قەیرانەدا دەوام بێنێت.

ڕەوتی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی کە لەماوەی دەیەی ڕابردوودا و لە مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ەوە دەستپێکردبوو، لە مانگی خەزەڵوەری ١٣٩٨دا زیاتر پەرەیسەند. وە لە بزووتنەوەی ژینا (٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی) بەرەو ئەملا، پایەکانی دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەبەرچاوی خەڵک، یەک لە دوای یەک ڕووخان. تایبەتمەندیی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لەوەدا بوو کە قەیرانی مەشرووعییەتی ڕژیمی ئیسلامی بەوپەڕی خۆی گەیاند و جەماوەری ئێران لە ماوەی ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەیەدا بۆیان دەرکەوت کە هاودڵی و هاوسۆزیی ملیۆنییان لەپشتە

هاوسۆزی و هاودەنگی جەماوەری خەڵک لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی ژینا ئەمینی لە گۆڕستانی ئایچی سەقز تا کوشتاری خەڵکی بێدیفاع و جەسووری بەلووچستان، تا سەنگەربەندیی لاوان لە تاران و شیراز و مەشهەد و تەورێز و ئەهواز، تا هەڵپەڕین و سەمای سووتاندنی حیجاب لەلایەن ژنانی ئازادیخوازی ئێران، هەر هەموویان خەویان لە چاوی خوێنڕێژانی کۆنەپەرستی مەزهەبی تاراند.

لە ئاکامی ئەم یەکگرتوویی و هاوسۆزییە جەماوەرییەدا، خەڵک شکستی سەرشۆڕانەی حکوومەتی ئیسلامییان لە شانۆکانی هەڵبژاردن کە خۆی هەموو قۆناغەکانی موهەندسی کردبوو، بینی. حیجابی ئیسلامی کە یەکێک لە پایەکانی دەسەڵاتی نیزامی ئیسلامی و گرینگترین بنەمای مەشرووعییەتی ئەم ڕژیمە بوو، لە لایەن ژنانی ئازادەوە خرایە ژێر پرسیارەوە. ئەگەرچی ئامادە نەبوونی چینی کرێکار و بۆشایی ڕێبەرییەکی سەرتاسەری سەرەنجام بوو بەهۆی ئەوەیکە هێزە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان ئەم ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەیە سەرکوت بکەن، بەڵام هەر ئەم ئاستە لە هوشیاریی جەماوەر، هاوئاهەنگی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، هەوڵی لێبڕاوانەی هێزە چەپ و شۆڕشگێڕەکان و بەشداری لاوان و ژنان لە مەیدانی خەبات، توانی وەها کاریگەرییەکی مەزن لەسەر کۆمەڵگای ئێران دابنێت کە کۆنەپەرستیی کۆماری ئیسلامی نەتوانێ زاڵ بێت و ئۆپۆزیسیۆنی دڵگەرم بە زلهێزەکانی جیهان نەتوانن لە ڕووداوەکانی دوای ئاخێزی ژینا، بەقازانجی خۆیان کەڵک وەرگرن.

ئەگەر بمانهەوێ جیاوازی و ئاستی پێشکەوتنی دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا لە پرۆسەی پێشڕەوەیی هەتا ئێستای بزووتنەوەی ڕووخاندنی ڕژیمدا هەڵسەنگێنین، دەبینین کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا، مەسەلەی

ژنی خستە سەرووی ئەولەوییەتەکانی خەباتی جەماوەری ئێرانەوە. بۆ یەکەمین جار خەباتی ژنان لە شێوازی پڕژوبڵاو هاتە دەر و بوو بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری و سیاسی کە هێزی بزوێنەری ئەم ئاخێزە بوو. دروشمی پۆزیتیڤ و پێشکەوتخوازانەی وەک "ژن، ژیان، ئازادی"، " نە سەڵتەنەت، نە ڕێبەری، دیموکراسی و بەرابەری" و "مەرگ بۆ ستەمکار چ شا بێت و چ ڕێبەر"، "نان، کار، ئازادی، ئیدارەی شۆرایی" شکڵی گرت و نیشانی دا کە بزووتنەوەی ڕووخاندن، لە دروشمی تەنیا سەلبییەوە بەرەو وێناکردنی داهاتوویەکی دیموکراتیک ڕۆیشتووە. ئەم ئاخێزە توانی توێژی کۆنەپەرست لە فەزای ئیعترازی ڕامالێت و بەشداریی بەرین و بەرچاوی هێزە پشکەوتنخوازەکان بوو بە هۆی ئەوەیکە دروشمی ڕەگەزپەرستانە و بەرەو دواوە، کەمتر مەجالی بێت و ئەدەبیاتی بزووتنەوەکە بەرەو ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی بڕوات. بەهێزبوونی یەکڕیزی و یەکگرتوویی جەماوەری ئێران، خەڵکی ڕەنجدیدەی بەلووچستان و کوردستان، خوێندکاران، کرێکاران، ژنان و لاوان توانی پاشەکشە بە ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی ئێرانی و ناسیۆنالیزمی مەحەلی بکات و بەستێنی هاوپشتیی سەرتاسەری پێکهێنا. ئاڵوگۆڕ لە گوتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم ئاخێزە بوو بەهۆی ئەوەیکە زۆرێک لە باوەڕە سوننەتی و کۆنەپەرستەکان لە کۆمەڵگادا بخرێنە ژێر پرسیارەوە، فەزای گشتیی بۆ گەڵاڵەکردنی داخوازیی دیموکراتیک کراوەتر بێت و نیشانی بدات کە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی مومکینە

لە سەروبەندی سێهەمین ساڵیادی ئاخێزی شۆڕشگێرانەی ژینادا هاوسەنگیی هێزی چینایەتی بە قازانجی چینی کرێکار و بزووتنەوە پێشڕەوەکانی کۆمەڵگا گۆڕاوە. ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازیی سەڵتەنەتخواز لە هاوئاراستەیی و هاوکاری لەگەڵ ئیسرائیلدا بەتەواو مانا بێ ئیعتبار بووە. لیبراڵەکانی ئێران سەرەڕای پرژوبڵاوبوونیان، ئیعتباری بەرنامەیی و کۆمەڵایەتییان نییە و لە کوردستانیش حیزب و لایەنە بورژوا – ناسیۆنالیستەکان ئەگەرچی لە قۆناغی ئەم دواییەدا توانیویانە تا ئاستێکی دیاریکراو هاوکاریان بێت، بەڵام بەهۆکاری جۆراوجۆرەوە ناتوانن متمانەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی سەرتاسەری ئێران بەدەست بێنن و لە بواری خواستی کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتیش نەیانتوانیوە لەگەڵ خەڵک ڕاستگۆ بن.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان لە سێهەمین ساڵیادی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی ژینادا هاوڕێ لەگەڵ هەموو خەڵکی ناڕازی و شۆڕشگێڕ، بۆ درێژەدان بەم خەباتە، بۆ ئامادەیی چینی کرێکار لە بەدەستەوەگرتنی ڕێبەرایەتیی ڕاپەڕینی داهاتوو و بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتداریەتی شۆرایی، لە هیچ هەوڵێک دەریغ ناکات

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان**

خەرمانانی ١٤٠٤ی هەتاوی

***

# ژنانی کرێکار، قوربانیانی قەیرانی ژینگە، ستەمی ڕەگەزی و هەژاری

لەژێر دەسەڵاتی نیزامی سەرمایەداری لە سەدەی بیست و یەکدا سێ قەیران کە بریتین لە قەیرانی ژینگەیی، قەیرانی ڕەگەزی و قەیرانی هەژاری، بەشێوەی هاوکات پەرەیان سەندووە. ئەوەیکە ئەمڕۆ لە سەنعەتی مۆد و جلوبەرگ لە وڵاتانی باکووری جیهانی، بۆ نموونە لە ئەیالەتی تامیل نادو لە هێند ڕوو دەدات، تەنیا نموونەیەکی بەرچاوە لەو پەیوەندییە پێکهاتەییە

ڕاپۆرتی هەواڵنێریی ڕوویتێرز لە ٢٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٥ بە ڕوونی نیشانی دەدات کە ژنانی کرێکاری ئەم سەنعەتە، لە بارودۆخی گەرمای تاقەت پرووکێن و بە بێ ئیمکاناتی سەرەتایی گۆڕینی هەوا و ئاوی پێویست، مەترسی تووشبوون بە نەخۆشی گورچیلە و ماندوویەتی درێژخایەن و تێکچوونی دەروونییان لەسەرە. ئەم دۆخە ڕووداوێکی سرووشتی و ئاسایی نییە، بەڵکوو دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی لۆژیکی سەرمایەدارییە، کە قازانجی لە تەندروستی و ژیانی ئینسان پێ گرینگترە. ویلایەتی تامیل نادو لە باشووریترین بەشی هیند، وەک یەکێک لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی جلوبەرگ لە جیهاندا، زیاتر لە ٩٠٪ی هێزی کارەکەی لە ژنان وەردەگرێت. ئەم ژنانە لەو کارگا و کارخانانەدا کار دەکەن کە زۆربەیان سیستەمی گۆڕینی هەوایان نییە. دەبێ سەعات کاری دوورودرێژ تەحەمول کەن و لە هەموو ماوەی کارەکەیاندا دەبێ بەپێوە ڕاوەستن. دەستڕاگەیشتنیان بە ئاوی خواردنەوە سنووردارە و تەنانەت بەهۆی فشاری کارەوە لە چوون بۆ سرویسی بێهداشتیش خۆدەبوێرن.

(ILO)، ڕێکخراوی جیهانی کار بەراوردی کردووە کە ٧٠٪ی دانیشتووانی شاغلی جیهان واتە نزیک بە چوار ملیارد و دوو سەد ملیۆن کەس لەژێر گەرمای توند و تاقەت پرووکێندا کار دەکەن. تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٣دا زیاتر لە ٥١٠ ملیارد سەعاتی کار بەهۆی گەرماوە لەدەست چووە. ئەم ئامارە ٥٠٪ لە دەیەی ١٩٩٠ بەرزترە. لە هەمان ساڵدا زیاتر لە ٢٢ ملیۆن زیانی پیشەیی و نزیک بە ١٩ هەزار مەرگ بەهۆی گەرماوە ڕاگەیەندراوە. ئەم ئامارە بەڕوونی نیشانی دەدا کە قەیرانی کەشوهەوا نەک هەڕەشەیەک بۆ داهاتوو، بەڵکوو بەشێکە لە حەقیقەتی ئەمڕۆی کار و ژیانی چینی کرێکاری جیهان.

لێکۆڵینەوەکان لە هیند نیشانی دەدەن کە ژنانی کرێکار بەهۆی کەم ئاوییەوە مەترسیی گەورەیان لەسەرە. ئەم بارودۆخە توانایی گورچیلە بۆ نەهێشتنی ژەهرەکان تێکدەدات و دەبێتە هۆی لەکارکەوتنی گورچیلە و دروستبوونی بەردی گورچیلە. لە توێژینەوەیەکی مەیدانیدا لە نێوان کرێکارانی بەرهەمهێنانی خوێ لە تامیل نادو، نزیکەی ٩٪ یان بەردی گورچیلەیان هەبووە. جگە لە نەخۆشییە جەستەییەکان، ژنانی کرێکار ڕووبەڕووی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و فشاری دەروونی دەبنەوە کە لە ئەنجامی چەوساندنەوەی درێژخایەن دروست دەبێت. ئەوان زیاتر بەهێزی کاری نادیار بە حیساب دێن. هیچ ناوەندێک باسی ئەوان ناکات و تەنیا کاتێک هەواڵێکیان لێ بڵاو دەبێتەوە کە کارەساتێک ڕوو دەدات.

زۆرێک لە خاوەن برەندە گەورەکانی ئەمڕۆی مۆد، دروشمی "پایداری" و "بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی" بانگەشە دەکەن. بەڵام مەودای نێوان قسە و کردەوەیان یەکجار زۆرە. ٩٣٪ی برەندەکان بەڵێنەکانی مافی مرۆڤیان لەسەر کاغەز تۆمار کردووە، بەڵام تەنیا ٢٧٪یان بەکردەوە ئەم لانیکەمانەیان دەرحەق بە کرێکاران جێبەجێ کردووە. زۆربەی ڕاپۆرتە ژینگەییەکانی کۆمپانیاکان، داپۆشینی چەوساندنەوە لەژێر قسەوباسی ئەخلاقی و ژینگەییدا. ئەم ناتەباییە ڕیشەی لە لۆژیکی سەرمایەدارییدایە. سیستەمێک کە بەدەستهێنانی قازانج لە کورترین ماوەدا بە ئەسڵ دەزانێت، هیچ کات ناتوانێ وەدیهێنەری ڕاستەقینەی دادپەروەریی ژینگەیی و ڕەگەزی بێت.



ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لەگەڵ وشکەساڵی بەرین و شەپۆلی گەرمای بێوێنە بەرەوڕوو بووەتەوە. پشبینییەکان نیشانی دەدەن کە بەشی باشوور و ناوەندی ئێران لەگەڵ چوونەسەری مامناوەندی پلەکانی گەرما و شەپۆلی درێژخایەنی گەرما بەرەوڕوون. ئەمەش نەتەنها ژیانی گشتی بەڵکوو مەترسی لەسەر بارودۆخی کارکردنی ملیۆنان کرێکار بە تایبەت لە پیشەسازییەکانی جلوبەرگ و کشتوکاڵدا دروست دەکات. پشکی ژنان لە بازاڕی کاری ئێراندا نزیکەی لەسەدا ١٤ بۆ ١٧یە، بەڵام ئەم پشکە لە پیشەسازییە سووک و نافەرمییەکانی وەک جلوبەرگ و ڕستندا زیاترە. حەقدەستی کەم و نەبوونی بیمە لە بەشی نافەرمیدا، وایکردووە ژیانی کرێکار لە بەرامبەر گەرما و کەم ئاویدا زیاتر زیانیان پێبگات

زۆرێک لە کارگاکان سیستەمی هەواگۆڕینی دروست یان ئامرازی سەرەتایی پاکوخاوێنییان نییە. هەروەک لە وڵاتانی باشووری جیهانیدا دەبینرێت، لە ئێرانیشدا ژنان بە هێزی کاری هەرزان و مەسرەفکراو دادەنرێت. لە ئێرانیش ستەمی چینایەتی، ستەمی ڕەگەزی و قەیرانی کەشوهەوا بەشێوەی پێکهاتەیی پێکەوە گرێ دراون. قەیرانی ئاو بەمانای زیاتربوونی فشار لەسەر ژنانی کرێکار لە شوێنەکانی کار و تەنانەت لە ناو ماڵدا و نەبوونی سیاسەتی پشتیوانی، ژنانی زیاتر لە پیاوان خستووەتە ژێر مەترسیی لەناوچوونی جەستە و دەروون. کاری

ژنـان لـە نیزامـی سـەرمایەداریدا دوو لایەنـە: کاری بەرهەمهێنـان لـە کارخانـە و کارگاکان؛ کاری ئاگالێبـوون و پەروەردەکردنـی منـداڵ لـە چوارچێـوەی مـاڵ و بەرهەمهێنانـەوەی نەسـلی تـازەی کرێـکاران

سـەرمایەداری هـەر دووکیـان بێ بایـەخ نیشـان دەدات و ژن وەک هێـزی کاری هـەرزان بەتونـدی دەچەوسـێنێتەوە. لـە بارودۆخـی قەیرانـی کەشـوهەوادا، ئـەم چەوسـاندنەوەی توندتـر دەبێتـەوە: گەرمـا و کـەم ئـاوی، جەسـتەی ژنـان بـە مانـای ڕاسـتەقینەی وشـە "مـەسرەف" دەکات. قەیرانـی کەشـوهەوا لەوانـە گەرمـا و کـەم ئـاوی و وێرانبوونـی ژینگـە، قەیرانـی ڕەگـەزی بەشـێوەی سـتەمی دوو بەرابـەر لەسـەر ژنـان، نادیدەگرتنـی پێداویسـتییە



سـەرەتاییەکانیان، قەیرانـی هـەژاری لەئاکامـی حەقدەسـتی کـەم، نائەمنـی پیشـە، نەبوونـی بیمـە، هـەر هەموویـان ڕیشـەیان لـە لۆژیکـی قازانجپەرسـتانەی سـەرمایەداریدایە.

ئەزموونـی ژنانـی کرێـکار لـە ئەیالەتـی تامیل نـادو لـە باکـووری هێنـد و بارودۆخـی هاوشـێوە لـە ئێـران نیشـانی دەدات کـە ژینگـە و جەسـتەی ژن، هـەر دووکیـان قوربانـی مەنتـق و لۆژیکـی سـەرمایەدارین. وڵامـی ڕاسـتەقینە بـەم بارودۆخـە تەنیـا لـە خەباتـی شۆڕشـگێڕانە و ڕێکخراوادیـە کـە هـەر سـێ بـەرەی خەباتـی چینایەتـی، ژینگەیـی و ڕەگـەزی لـە خۆدەگرێـت. داهاتـوو، ژیـان و جیهانێکـی بـاشتر تەنیـا لـە ئاکامـی ئـەم خەباتـەدا دێتـە دی.

❊❊❊

بو بینینی ڕاستەوخۆی
تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی
-کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و
کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە
بکەن:

alternative-shorai.tv

## منداڵهاوسەری و ئاکامە کارەساتبارەکانی

هاوسـەرگیری زۆرەملـێ و منداڵهاوسـەری یەکێـک لـە دیارتریـن جۆرەکانـی سـتەم بەرامبـەر بـە ژنانـە. ئـەم دیاردەیـە کاریگـەری کارەسـاتباری لەسـەر ژیانـی کچـان هەبـووە، بەتایبەتـی لەنـاو کۆچبـەران و پەنابـەران لـە ئورووپـا. لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و بـە تایبـەت لـە ئێـران، ڕێـژەی هاوسـەرگیری منداڵان یەکجـار بەرینـە. ئەوەیکـە زۆر جـار لەژێرنـاوی سـوننەتی فەرهەنگیـدا باسـی لێدەکرێـت، لەڕاسـتیدا سـازوکارێکە بـۆ کۆنتـڕۆڵ کردنـی جەسـتە ژنـان، منـداڵ بەدنیـا هێنـان و بەگشـتی ژیانـی ئـەوان لـە نەزمـی جیهانـی سـەرمایەداریدا. لـە ئورووپـای ژێـر دەسـەڵاتی دەوڵەتـە بورژواییـەکان کـە خۆیـان بـە بەرگریـکاری مافـی مـرۆڤ پێناسـە دەکـەن، هـەروا شـایەدی درێـژەی هاوسـەرگیریی زۆرەملە و منداڵهاوسـەرین. لـە وڵاتـی ئـاڵمان لـە سـاڵی ٢٠١١، نزیکـەی ٣٠٠٠ هـەزار هاوسـەرگیریی ئیجبـاری ڕاگەیەنـدراوە کـە ٣٠٪یـان ژێـر تەمەنـی ١٨ سـاڵ بـوون. زیاتـر لـە نیـوەی قوربانییـان توندوتیـژی جەسـتەییان تەجروبـە کـردووە و ٢٧٪ هەڕەشـەی کوشـتنیان لێکـراوە. لـە سـاڵی ٢٠١٦دا وەزارەتـی ناوخـۆی ئـاڵمان ڕایگەیانـد کـە ١٤٧٥ منـداڵ ناچـار بـە هاوسـەرگیری کـراون کـە زیاتـر لـە ١١٠٠ کەسـیان کـچ بـوون. لـە وڵاتانـی باکـووری ئورووپـاش هەتـا ئـەم سـاڵانەی دوایـی، هاوسـەرگیریی منـداڵان لـە ناوەندەکانـی پەنەبـاران قەبـووڵ دەکـرا و دەوڵەتـی سـوئێد هەتـا سـاڵی ٢٠١٤، دانمـارک هەتـا ٢٠١٧ و فنلانـد هەتـا ٢٠١٩ هاوسـەرگیریی ژێـر تەمەنـی ١٨ ساڵیان قەدەغـە نەکردبـوو. بـەڵام یاسـا بەتەنیـا بـەس نییـە. کێشـەی سـەرەکی لـە جێبەجـێ کردنـی یاسـا و پشـتیوانی ڕاسـتەقینە لـە کچانـە. پارادۆکسـی دەوڵەتانـی سـەرمایەداری لێرەدایـە: لەلایەکـەوە بـە نسـبییەتی فەرهەنگـی سـوننەتە دژەژنـەکان پاسـاو دەکـەن تـا نەزمـی کۆمەڵایەتـی کۆمەڵگـەی پەنابـەران سسـت و لاواز بکـەن. لەلایەکی دیکەشـەوە، بـە وتـاری ڕەگەزپەرسـتانە، ئـەم ژنانـە قوربانـی فەرهەنگـی وەحشـی مسـوڵمانان پێناسـە دەکـەن تـا سیاسـەتی دژەپەنابەرییان پاسـاو بکـەن. لـە هـەر دوو حاڵەتـدا ژنانـی پەنابـەر قوربانـی بێدەنـگ و بێدیفاعـی ئـەم سیاسـەتە دژەژنانـەن

لـە ئێـران منداڵهاوسـەری نـەک هـەر بوونـی هەیـە، بەڵکـوو لەلایـەن یاسـای فەرمیشـەوە مەشرووعییەتـی پێـدراوە. یاسـای مەدەنـی، هاوسـەرگیریی کچـان لـە ١٣ سـاڵییەوە و کـوڕان لـە ١٥ سـاڵییەوە بـە موجـاز دەزانێـت. وە تەنانـەت ڕێگـەی بـەوەش داوە کـە هاوسـەرگیری لـە تەمەنـی خوارتـر بـە ئیزنـی سەرپەرسـت و حوکمـی دادگا ئەنجـام بدرێـت. ئامـارە ڕەسـمییەکان زۆر دڵتەزێنن. لـە سـاڵی ١٤٠٠ی هەتاویـدا، زیاتـر لـە ٣٢ هـەزار و ٦٥٥ کچـی ژێر تەمەنـی ١٥ سـاڵ مـارە کـراون. زسـتانی ١٤٠٠ هەتـا پاییـزی ١٤٠١، لانیکـەم ٢٧ هـەزار و ٤٤٨ هاوسـەرگیریی ژێـر ١٥ سـاڵ تۆمـار کـراوە. لـە هەمـان ساڵدا، زیاتـر لـە ٦٩ هـەزار و ١٠٣ منـداڵ لـە دایکانـی ١٠ تـا ١٩ سـاڵ بەدنیـا هاتـوون کـە لەناویانـدا، هـەزار و ٤٧٤ منـداڵ هـی دایکانـی ١٠ بـۆ ١٤ سـاڵ بـوون. بەپێـی ڕاپۆرتـی یونیسـێف، نزیکـەی ١٧٪ لـە کچانـی ئێـران لـە ژێـر تەمەنـی ١٨ ساڵدا هاوسـەرگیری دەکـەن و ٣٪ بـەر لـە تەمەنـی ١٥ سـاڵی بوونەتـە هاوسـەر. ئـەم ئامـار و ئەرقامـە نیشـانی دەدات کـە منداڵهاوسـەری لـە ئێـران ئامـرازی منـداڵ بەدنیـا هێنانـی پێشـوەخت، بردنەسـەری جەمعیـەت و بەرهەمهێنانـەوەی هێـزی کارە. سـەرمایەداریی ئیسلامـی دەسـەڵاتدار، لـەم ڕێگایـەوە هـەم دەسـەڵاتی پیاوسـالارانەی خـۆی بەهێـز دەکات و هـەم بەشـێک لـە فشـاری قەیرانـی ئابـووری و جەمعیەتـی، دەخاتـە سـەر شـانی ژنـان.

منداڵهاوسـەری بـانتر لـە تەفسـیری فەرهەنگـی ڕیشـەی لـە موناسـباتی ئابـووری و چینایەتـی زاڵ دایـە. هـەژاری و قەیرانـی ئابـووری لـە ئێـران و وڵاتانـی باشـووری جیهانـی، بنەماڵـە هـەژارەکان دەخاتـە پێگەیەکـەوە کـە منداڵانـی خۆیـان ناچـار بـە هاوسـەرگیری بکـەن تـا لـەم ڕێگـەوە فشـاری بـاری ئابوورییـان کـەم بکەنـەوە یـان قەرزەکانیـان بدەنـەوە. پێکهاتـەی حقووقـی و مەزهەبـی لـە ئێـران لەڕێگەی یاسـای ئیسلامییـەوە مەشرووعییەتی داوە بـەم سـوننەتە کۆنەپەرسـتانەیە، بـەم سـتەمگەری و توندوتیژییـە بەرامبـەر بـە منداڵان و ژنـان و کردوویەتـە بەشـێک لـە نەزمـی کۆمەڵایەتـی.

هاوسـەرگیریی منـداڵان دیاردەیەکـی دێرینـە لەنـاو کۆمەڵـگای ئێرانـدا کـە لەژێـر کاریگەریـی کلتـووری کۆنەپەرسـتانە و ئایینیـدا، بـەردەوام بەرهـەم دێتـەوە و ڕژیمـی ئیسلامیش پۆششـی یاسـایی و مەدەنیـی بـەم بیـر و باوەڕانـە داوە. هاوسـەرگیریی پێشـوەخت، بەتایبـەت بـۆ کچـان، کـە فەراغەتـی سـەردەمی منداڵـی و دەرفەتـی کـەم وێنـەی پـەروەردە و پشـکوتنی توانایـی و گەشـەی فکـر و جەسـتە و شـکڵ گرتنـی کەسـایەتییان لـێ زەوت دەکـرێ، سـەرەڕای تـووش بـوون بـە ئاسـەوار و ئاکامـی نەخـوازراوی دەرونـی و جەسـتەیی، کاریگەریـی ناخـۆش و دواهاتـی نەرێنـی لەسـەر بنەماڵـە و کۆمەڵـگا دادەنـێ. بووکـی کـەم تەمـەن بەهـۆی گوشـاری کاری ناومـاڵ و سـنووردابوونی دەرفەتـی منداڵییەتـی، توانـای بڕیـاردان لەدەسـت دەدات. ئـەم کچانـە بەهـۆی دووگیـان بوونـی پێشـوەخت و ئاشـنا نەبوونیـان لەگـەڵ تـەوەرە جنسـییەکان، بـەردەوام هەڕەشـەی مەرگیـان لەسـەرە، بەجۆرێـك کـە ڕێـژەی قوربانـی بوونییـان پێنـج بەرابـەری کچانـی تەمەنـی ٢٠ سـاڵە

هاوسـەرگیریی منـداڵان، یەکێـك لـە دیمەنـە مەترسـیدارەکانی توندوتیـژی دژبـە منـداڵان و نموونـەی منـداڵ ئـازاری و کۆیلـە کردنـی ئـەم نەونەمامانـە بەئەژمـار دێـت و پێویسـتە بـە تاوانـی جەنایـی، لەقەڵـەم بدرێـت. پێویسـتە ئـەو پەیوەنـدە کۆمەڵایەتیانـەی کـە لەگـەڵ توندبوونـەوەی هـەژاری و فەلاکەتـی ئابـووری، بەسـتێنی پەرەسـەندنی هاوسـەرگیریی منـداڵان دەخوڵقێنـن، ئـەو شـەرع و سـوننەتانەی کـە ڕێگـە بەمجـۆرە هاوسـەرگیریانە دەدەن و بەرهەمـی دێننـەوە، ڕیشـەکێش بکرێـن. ئـەو شـەرع و یاسـا دانەرانـەی کـە ئـەم جەنایەتـە، شـەرعی و یاسـایی لەقەڵـەم دەدەن، پێویسـتە بـە دادگا بسـپێردرێن و سـزا بدرێـن، و ئـەو بابەتـەش بێگومـان، بـە ڕووخاندنـی شۆڕشـگێڕانەی کۆمـاری ئیسلامـی دێتـە دی. بـەڵام لـە هەمـان حاڵـدا پێویسـتە کلتـوور و سـوننەتی دواکەوتـوو و پرتـووکاوی ئـەو سەرپەرسـتانەی کـە کچـە منداڵەکانیـان ناچـار بـە هاوسـەرگیری دەکـەن، ببرێتـە ژێـر پرسـیارەوە. ئـەوان کـە زۆرجـار بەهـۆی هـەژاری دەسـت دەدەنـە ئـەم کارە، پێویسـتە نیسـبەت بـە دواهاتـی یەکجـار زیانبـاری ئـەم کردەوەیـان، ئـاگادار بکرێنـەوە

❊❊❊

# ئەرکەکانی کۆمەڵە بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی
# بە پشت بەستن بە هێزی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان

بەو پێیەی توانا و ئەرکی مێژوویی چینی سەرمایەدار و خاوەن سەروەت لە کوردستان و لە ئاکامدا حزب و هێزە ناسیۆنالیستەکان، بۆ دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگا و نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی لەمێژە کۆتایی هاتووە. هەروەک ئەزموونی هەتا ئێستا نیشانی داوە، دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگا و ریشەکێش کردنی هەڵاواردن و نابەرابەرییەکان لەوانە کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی، زیاتر لە هەموو کاتێکی تر لە گرەوی خەباتی چینی کرێکار و ئەو سۆسیالیستانەدایە کە لەسەر بەستێنی خەباتی ئەم چینە لەدژی نیزامی سەرمایەداری هەوڵ و چالاکییەکانیان درێژە دەدەن. چینی کرێکار لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ناچارە بۆ باشترکردنی بارودۆخی کار و ژیانی خۆی خەبات بکات. لە جەریانی خەباتدا بە ئەزموون بۆی دەردەکەوێ کە بۆ پێشخستنی کاریگەرتری ئەم خەباتە دەبێ لە رێکخراوەی چینایەتی و جەماوەری خۆیدا موتەشەکل بێت. بۆ پێکهێنانی ئەم رێکخراوانە پێویستی بە ئازادی سیاسی و فەزای دیموکراتیکە. واتە لە عالەمی واقعدا، خەباتی کرێکار بۆ باشترکردنی کار و بارودۆخی ژیان و ئاستی مەعیشەتی، بە خەبات بۆ مسۆگەرکردنی ئازادی سیاسی و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاوە گرێی خواردووە. واتە خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا بووەتە بەشێک لە مەوجوودییەت و پێویستی چینی کرێکار.

بەو پێیەی کە زۆرترین دووکەڵی ستەمی نەتەوەیی دەچێتە چاوی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە و ئەم ستەمگەرییە بەربەستێکی گەورەیە لەسەر رێگای هاوپشتی چینایەتییان، چینی کرێکار خوازیاری ئەوەیە کە ئەم ستەمگەرییە بەشێوەی دیموکراتیک چارەسەر بکرێت. لەم رووەوە ، بەڵام کرێکارانی هوشیاری کوردستان تەنیا بۆ خواستی چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی نەهاتوونەتە مەیدانی خەباتەوە. بەڵکوو خەبات بۆ نەمانی ستەمی نەتەوەیی لەگەڵ خەبات دژبە ستەمی چینایەتی و خەبات بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران پێکەوە پەیوەند دەدەن و بەشوێن یەکگرتوویی و هاوپشتی چینایەتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوەکان لەئاستی سەرتاسەریدان.

کۆمەڵە لە کوردستانی ئێران بە پشت بەستن بە ستراتێژی سۆسیالیستی، کە هێنانە مەیدان و رێکخستنی چینی کرێکار لە دەوری بەرژەوەندی چینایەتی ئامانجی سەرەکیەتی، توانیویەتی لێبڕاوانە هەوڵی حیزبە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستان بۆ گۆڕینی بزووتنەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستان بە حەرەکەتێکی رێفۆرمخوازیی حکوومەتی، بەرپەرچ بداتەوە. کۆمەڵە بە پشت بەستن بەم ستراتێژییە سۆسیالیستییە توانیویەتی سیاسەتی ئەحزابی ناسیۆنالیست بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ ئەحزابی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازیی نیولیبراڵی لایەنگری رۆژاوا و سەڵتەنەتخوازەکان و پشت بەستنیان بە دەخاڵەتی ئەمریکا و ئیسرائیل و دەسەڵاتە کۆنەپەرستەکانی سەرمایەداری و ئامادەییان بۆ سات و سەودا کردن لەسەر بەرژەوەندی جەماوەری کوردستان لە بەرامبەر بەدەستهێنانی ئیمتیازاتێکی بێ بایەخ، بخاتە ژێر پرسیارەوە.

لەم رووەوە کۆمەڵە وەک رەوتێکی کۆمۆنیستی و یەکێک لە ستوونەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان هەروا لێبڕوانە و بە روونی، بنبەست و بێتوانایی ئەحزاب و هێزە ناسیۆنالیستەکان بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی کە ریشەی لە ئاڵوگۆڕە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندایە بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی کوردستان شیدەکاتەوە. ئیدیعای ئەحزابی ناسیۆنالیست بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی راستگۆیانە نییە و لە پشت



قسەکانیان لەمبارەوە، بەرژەوەندی ئابووری و بەشخوازی لە دەسەڵاتی سیاسی لەسەروەی ئیرادەی جەماوەر شاراوەیە.

کۆمەڵە بەردەوام لەسەر ئەو واقعییەتە تەئکید دەکات کە هێزی بزوێنەری هەر ئاڵوگۆڕێکی دیموکراتیک لە کۆمەڵگا و لەوانە کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوەیی لەسەر شانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ئینسانە چەپ و رادیکاڵ و ئازادیخوازەکانە کە بەشێوەی عەینی لە ریزی خەباتی ئەم چینەدان. کۆمەڵە لە هەمان کاتدا هاوپەیمانی و یەکگرتوویی خەباتکارانەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرتاسەری ئێران بە ئاسانترین و کەم ژانەسەرترین رێگا بۆ کۆتاییهێنانی ستەمی نەتەوەیی و وەدیهێنانی ئامانج و داخوازیی رەوای خەڵکی کوردستان دەزانێت.

کۆمەڵە بەلەبەرچاوگرتنی سرووشتی چینایەتی و کۆنەپەرستانەی دەسەڵاتە ئیمپریالیست و سەرمایەدارییەکانی جیهان و ناوچەکە و دەستوەردانیان لە ناوەندەکانی قەیرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆڵێک کە لە وێرانی شارەکان، کوشتار و ئاوارە و بێ سەرپەنا کردنی خەڵکی ستەمدیدەی ئەم ناوچەیە بویانە، هەرجۆرە ئومێد بەستن و دەست بە داوێن بوونی ئەحزاب و لایەنە ناسیۆنالیست و ئیسلامییەکان بە دەخاڵەتی ئەمریکا و ئیسرائیل وە باقی دەسەڵاتە کۆنەپەرستە سەرمایەدارییەکان وە چوونە ناو هاوپەیمانی سیاسی لەم راستایەدا، بەدژی بەرژەوەند و قازانجی خەڵکی کوردستان دەزانێ و بۆ رێگری لە ئاکامە زیانبارەکانی لەسەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کوردستان، چالاکانە و بەرپرسانە تێدەکۆشێت.

کۆمەڵە وەک رەوتێکی ئەنترناسیۆنالیست، لە بزووتنەوەی کرێکاری، سۆسیالیستی و ئازادیخوازی لە سەرتاسەری جیهان پشتیوانی دەکات و حمایەتی جیددی لە خەباتی جەماوەر لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و رزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی بە ئەرکی خۆی دەزانێ.

کۆمەڵە هاوکات لەگەڵ تەئکید لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان، لەسەر دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵکی کوردستان پێداگری دەکات. تەنیا بە بەشداریی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەموو تاکەکانی خەڵکی کوردستان لە ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی کۆمەڵگادایە کە پرسی نەتەوایەتی بەشێوەی دیموکراتیک و لەراستای بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان چارەسەر دەبێت و کۆتایی بە ستەمی نەتەوایەتی دێت.

کۆمەڵە وێرای تەئکید لەسەر هاوپشتی و هاوچارەنووسی خەڵکی کوردستان لەگەڵ خەڵکی سەرتاسەری ئێران لە خەبات دژبە رژیمی کۆماری ئیسلامی، هەروا لێبڕوانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو یاسا و ناوەندەکانی سەمبۆل یان پارێزەری ستەمی نەتەوایەتی تێدەکۆشێت. وە دابین کردنی هەلومەرجێکی ئازاد و دیموکراتیک کە خەڵکی کوردستان بتوانن ئازادانە سەبارەت بە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان بە واتای ئازادیی جیابوونەوە لە ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بڕیار بدەن، بە ئەرکی خۆی دەزانێت. ئەگەر سەرەڕای دابین کردنی بەکردەوە و راستەقینەی بارودۆخ و پێداویستییەکانی سەرەوە، خەڵکی کوردستان ئازادانە بڕیار بدەن کە لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا دەمێننەوە، لەو حاڵەتەدا مافی بەرابەری خەڵکی کوردستان لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئیداریی کۆمەڵگا دەبێ دابین و زەمانەت بکرێت.

***

# شێعر

ئەمڕۆ ئێران

شار بەشاری خرۆشاوە

کیژۆڵە شۆخ و شەنگەکەم!

تێبڕوانە

ئـەو شـەقامەی دەسـتی پیسـی جەردەکانـی دەم بـە جنێـو

پەلاماریان تیا دا سەرت

بۆتە سەنگەر

بۆتە مەکۆی خەڵکی تورە

بەرانبەر سوپای داگیرکەر!

شنەبایێک

کۆڵان بە کۆڵانی شاران

دەگەڕێتە گیانی سەنگەرەکان

لە سەقز و سنە وتاران

مەشهەد و ڕەشت و لاهیجان

سەرتا بە پێی ئەم وڵاتە

لە ڕۆژهەڵات تا ڕۆژئاوا

ناوت دەبا

سرودی ژین ، ناوی ژینا

لە سەر زاری کیژ و کوڕا

دەڕوا، دەڕوا

دڵی تارمایی شەق ئەکا و

تەوژمی مەرگ دەخاتە گیانی سەرکوتگەر.

مەشخەڵی گەشی ڕاپەڕین، تۆ نامری

لە هەر هاواری سەر شەقام

وەک ژیلەمۆ سەر هەڵدەدەی

بۆ سووتانی قەڵای ستەم

کڵپەی بەتینی ئاگری!

لەمەو بەدوا

هەر کۆرپەیێک لەم وڵاتە

چاوی بە ژین هەڵدەهێنێ

نازناوی ژینای لێ دەنرێ و

بە لای لایەی بەرەنگاریت ئوقرە دەگرێ.

کەس بۆی نیە بە قوربانی ناوت لێبا

قارەمانی خەوزڕان و بانگەوازی هاتنەمەیدان

لە پێشەوەی هەر هەڵمەتێ

تۆ حازری و

قەت نامری!

**"ڕێبوار"**

❋❋❋




**کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :**

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

پێشـــــــــــڕەو

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات
representation.of.komala@gmail.com

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب

international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧